# پێشەنگ

گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیرییە ڕاگەیاندنی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دەریدەکات

ژمارە (١٢)  سالی: ٤  ئاب/١٩٨٦

ئەم گوڵە سوورانە ...

هی پێشمەرگەن ...

هی ئەوانەن .. مردن لە ڕێی سەربەستیا



له شه فه ق دا له پێ خه فه م د یێـمـه ده ر ی
له شه فه ق دا له پێ خه فه م د یێـمـه ده ر ی
دوژمنانم له ده ره وه ســـوّم وه ســـتاون
پێشـمـه رگـه کان... ده بمبه ن له گه ڵ خوّتان
بمبه ن... بمبه ن له گه ڵ خوّتا ن
من نامه وێت له ناو دوژمنا ندا بمرم...
چونکه... که رمردن له چاره م نووسرابێت
ده بێت به پێشمه رگایه تی بمرم...
من د ه مرم وتوّ د ه منیژی.....
هه ڤاڵه که م....
له ناو باوه شی چیا و هه ر دا
توّ ده منیژیت
توّیش.... ئه ی ملی ڕێکرتوو... به رموچیا
کاتێك ده که یته گوڵمیژکێکی گوڵاڵه ی سوور
بڵێ... ئای که جوانه...ئای که جوانه
ئه م گوڵاڵه.....
ئه م گوڵه سوورانه
هی پێشمه رگه ن
هی ئه وانه ن.... مردن له ڕێی سه ربه ستیا

سرودێکی شۆڕشگێڕی ئیتالیا
وه رگێڕانی " حه مه "

Gulale be reng sûr ekatewe
Wek min daxdar e le binyatewe
Le cure'y sewnim xwên exwatewe
Şehîdekanim bîr exanewe
Offf! offf! offf!
Payiz rengî maten e
Dinya tarîk û ten e
Nûrî çawanim ken e

Bîranîna jin û mêrên ku di riya welatê xwe de şehîd bûne, di bedewî û rengê sora geş ya gulê xeşxeşkê de bêdawîn û ebedî dibin.

Di singura êvarê de gulek diçilmise û dimire, lê dotira rojê, yeke nû belg û pelên xwe dibişkêvin û geş dibe.

Ev durişm û sembolên ronak yên li çiya û deştên Kurdistanê, niha, di vê biharê de, wan 13 kurdên ku di 31 -ê Adarâ 1985 an de li Bexdayê, li Iraqê hatibûn bi dar ve kirin, dihênin bîra me: EZZAT ABDULAZIZ KITTANI, YOUNIS MUSTAFA, SHAMSULDIN HAJI, JAMAL MUHAMMAD SHINO, JAMAL MUHAMMAD BAKOZI, MISKIN BARO ALI, OMAR TAHA OMAR, AHMAD TAHA OBAID, ANWAR MUHAMMAD SALIH, SHAKIR ALI ISMAIL, AHMAD TAHIR ARTOOSHI, YASIN MUHAMMAD YASIN, YASIN IBRAHIM AHMAD.
Ew bêi rêz û rûmetgirtina mafên mirovaniyê, yên ku ji aliyê Neteweyên yekbûyî ve diyarkirî, hatin bi dar ve kirin.

Sûc û tawana wan, xebat û têkoşina ji bo kurdistaneke azad û demokratik bû.

ورشه‌ی گوڵاڵه سووره‌ی ده‌شت وقه د پاڵه کانی به هاری هه رساڵێکی نوێی نیشتمان یادی نه مریی ئه و پیاو و ئا فرتانه ده نه خشێنێت که بوّ خا ك وگه لیان بوونه قوربانی. له هه ر کا زیوه‌یه‌ك دا گوڵێك سیس ببێت وس، ربنیێته وه،یه ك یکی تر بوّسبه ینێ گوّپکه وخونچه ی ده ترووکێنێ. ئه و دروشمه سووره ورشه دارانه‌ی ناو چیاوده‌شتی کوردستان، ئه‌و گوڵاڵه سوورە‌ی به هاری کوردستان ئه وسێزده شه هیده مان بیر ده خه نه وه که له به غدادی ئێراق له هه‌مان کات دا وه‌ك قازی پایه به‌رز و هه واڵه کانی له مه هابادی ئێران له سێدار ه دران : عزتکتانی ، یونس مصطفی ، شمس‌الدین حاجی، جمال محمد شینۆ، جمال باکوزی، مسکین بروعلی، عمر طه عمر، احمد طه عبید، انور محمد صالح، شاکر علی اسماعیل،احمد طاهر ارتوشی، یاسین محمد یاسین، یاسین ابرهیم احمد ئه م شه هیدانه به بێ گوی دان به مافه کانی مرۆڤ وبه ڵێن نامه کانی نه ته‌وه یه ککرتوه کان له لایه ن ڕژێمی ئێراقیه وه کران به په تا ،کران به په‌تا چونکه له پێناوی کوردستانێکی سه ر به ست ودیموکراتی دا تێ ده‌کوّشان.

PÊŞENG
P.O.BOX 5042 13105 NACKA [illegible]
ناونیشان

# لەم ژمارەیەدا

## پێشەنگ

گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە راگەیاندنی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دەری دەکات .


4 یادی دامەزراندن

18 هێرشی دڕندانەی تورکیا بۆسەر کوردستان

23 سەرئەنجامی باری ئابووری جەنگی عێراق و ئێران

29 ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئاسیا بناسە

32 قەسابخانەیەکی گەورە لە ئەبوغریب

34 رۆشناییەک لەسەر لوڕ و لورستان

38 کۆمۆنەی پاریس

42 کوردو مەسەلەی کورد لە زانستی مێژوو لەتورکیا

47 لەئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی کوردستان

48 هێمن ئەستیرەیەکە ئاوانابی

50 هێڤی بێن من - شیعر - ئاری

بەشی لاتینی - کرمانجی ژوروو

51 سلێمانی - شیعر - کچەکورد

52 هێرشی وەحشی و ئەرکەکانی ئێمە

54 دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت -








بەرگی یەکەم: تابلو/ مارگرێتا ئەندرسن ( خیزانی شەهید فارس ـ عزت عبدالعزیز ـ)

بەرگی دووەم: وێنەی پێشمەرگە

نرخی (٥٠٠) فلسە

# سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە بۆ پارتیمان

لە ٢٦ ی گەلاوێژدا ، بۆساڵی پێنجەم یادی دامەزراندنی پارتییە خەباتکەرەکەمان دەکەینەوە ، ئەوپارتیەی کە بەدرێژایی تەمەنیدا هەمیشە لە ڕێبازی پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕانەی خۆی لانەداوەو سنور بۆ هەوڵ و تەقەلاو خۆبەختکردن لە پێناوی خزمەتکردنی گەلەکەمان و ئازادی وڵاتەکەی دانەناوە ، ئەمئەرکەگران و پیرۆزانەی بەبەختەوەرانە گرتۆتە ئەستۆ، چونکە دەزانێتکە هۆی هاتنە کایەوەی بۆجێبەجێکردنی ئەم ئامانجە پیرۆزانەبووە.

پێش هەموو شتێک بەم بۆنەپیرۆزە ئەبێت یادی شەهیدە نەمرەکانمان بکەینەوە، یادی نوری شاوەیس و فارس و جەنگۆ و کاوەو هەڤاڵە نەمرەکانیان ، کەهەمیشەلێنەگەڕان ئالای بەرزی پارتیمان بچەمێتەوەو خۆیان کردە پردێک بۆ پەڕینەوەیئالای پارتیمان بەرەوخاکی نیشتمانی پیرۆز ، هەروەها یادی هەڤاڵانی پارتیمان دەکەین کە لەزیندانەکانی ڕژێمی فاشیست بەندکراون بەگوناهی ئەوەی خەمی میللەتەکەیان گرتۆتە ئەستۆ و خواستی ئازادیو ئاوەدانی وڵاتەکەیانن ، لەهەمان کاتدا سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە بۆ خەبات و خۆبەختکردنی هەڤاڵان و دۆستان و جەماوەری پارتیمان بەوبۆنە شادمانە دەنێرین ، هیوادارین کە ئەم بیرەوەرییە ببێتە سەرەتایەکبۆ زیادە پتەو کردنی تێکوشان و بەرەوپێش بردنی خەباتمان .

کۆنگرەی دامەزراندنی پارتیمان لە زرووفێکی پڕ لە گەشبینیدا هاتە گرتن، بەڵام ڕێگەی خەباتپڕبوو لەکۆسپ و تەگەرەی گەورە کە زۆربەی زۆری لەئەنجامی ئەو زرووفە نالەبارە بوو کەخەباتی نیشتمانیی کوردستان و و عێراق تێیدایە. خۆش بەختانە خەباتکەرانی پارتیمان تا ڕادەیەکی زۆر توانیان زاڵ بن بەسەر ئەو کۆسپ و گیروگرفتانەدا ، بێگومان ئەوەی یارمەتی ئەمسەرکەوتنانەیدا بە شێوەیەکی سەرەکی بینینی زانستییانەو واقعییانەی پارتیمان بوو لەدەستنیشانکردنی دوژمنانی میللەتەکەمان، کە هێزەکانی فاشیزم و دیکتاتۆری و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستییە. هەروەها خۆ دوورخستنەوە لە شەڕی لابەلایی نامەوزوعی کە هێزو توانای خەباتی میللەتەکەمان دەدەمژێتو بە فیڕۆی دەداتو بەم جۆرە خزمەتێکی مەزنی دوژمنانی میللەتدەکاتو لە ئامانجەکانی دوور دەکاتەوە. بێگومان پارتی ئێمە هەمیشە گەلێک پێی باشتر بووە ، هەروەکو لەڕاستیشدا هەر وا بووە، خۆی سەرقاڵ بکاتبە خۆ چەسپاندن و بیناکردنی خۆی لە هەموو ڕوویەکی ڕێکخستن و سیاسی و پێشمەرگایەتی و ڕاگەیاندن و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر ئاستی نیشتمانی و نەتەوەیی و نیونەتەوەیی ( ئینترناسیونالیزمی) ، بە ئامانجی ئەوەی ببێتە کەرەستەیەکی کاریگەری لێهاتوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی میللەتە ئەم بیناکردنەی پارتیمان هۆی گەشبینینی هەموومانە لەم یادە پیرۆزەدا .

بەڵامئەمڕۆ ، ئێمەو هەموو هاوولاتیەک ، کەوتوینەتە ژێر بارێکی زۆر سەختو ناهەموار بەهۆی زاڵ بوونی شۆفێنیەت و فاشیەتو ڕوودانی جەنگی نێوان عێراقو ئێرانکە ئەوەتا

# لە یادی پێنج ساڵەی دامەزراندنیا

نزیکەی شەش ساڵە هەڵگیرساوەو سەپاندنی جەنگێکی شۆفێنی بە درێژایی بیست و پێنج ساڵی ڕابووردوو دا بەسەر گەلەکەماندا لە کوردستانی عێراقدا و لەلایەکی ترەوە بەهۆی پچڕ پچڕ بوونی هێزە نیشتمانپەروەرەکان، ئەمانە هەموو بوونەتە کۆسپێکی گەورە لەپێش بەرەو پێشچوونی ئاسایی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری ، بێگومان هیچ لایەک ناتوانێت خۆی لە کاریگەرێتی خراپی ئەم هۆیە سلبییانە بپارێزێت بەتایبەتی لایەنێک کە تازە پێگەیشتوو بێت .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، هەرلەکاتی دامەزراندنی پارتیمان و گرتنی کۆنگرەی دامەزرێنەری، زۆر ئاشکرا بوو ، کەپارتیەکەمان کۆڵەکەیەکی چەسپاو وکاریگەری ژیانی سیاسی و خەباتی میللەتەکەمانە، دیارە کە پارتیمان لەئاستی ئایدیۆلۆژی و ڕاگەیاندن دا پایەیەکی بەرزی پێشڕەوی بۆخۆی وەرگرتووەو ئەمەش بەئاشکرایی لەو پێشوازییە گەرمەدا دەردەکەوێت کەلەلایەن ئەندامان و خەڵکێکی زۆری تری ناوەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری لە بڵاوکراوەکانی پارتیمان دەکرێت، وەکو ڕۆژنامەی ( گەل ) ، گۆڤاری(پێشەنگ) ، بیرەوەرییەکانی مامۆستا نوری شاوەیس و گۆڤاری ( نیوپێشمەرگە )کە بەزمانی ئینگلیزی دەرەچێتەگۆڤاری (دەنگی گەل)و گۆڤاری (پاڵە) ئەمەش وا دەچەسپێنێت کە ئەو ڕێبازە نیشتمانپەروەرییەو پێشکەوتنخوازییەی کە پارتیمان بە شێوەیەکی واقعی و بەردەوامی ، دوور لە زیادە ڕۆیی و پوچەڵی ، ئەخاتە بەرچاو، ڕەنگدانەوەی هیوا و ئامانجەکانی ڕۆشنبیرانی میللەت وجەماوەرەکەیەتی ، ئەوەی دڵخۆشکەرەو جێگای شانازییە ئەوانەی کەبەشداری دەکەن لە نووسینی بڵاوکراوەکانماندا ڕەنگبێ ژمارەیان بەقەدەر نوسەرانی ئەندامانی پارتیمان بێت

لەلایەکی ترەوە ڕێکخستنەکانمان لەهەموو شوێنێکی کەلەژێر دەسەڵاتی چەکداریی ڕاستەوخۆی پارتەکانی تردا نەبووبێت، بەزوویی سەری هەڵداوەو بەهێزو فراوان بووە ، ئێمە دڵنیایین کە لەم بارەیەوە مەجالێکی فراوانمان لەبەردەم ماوە بۆ بەرەپێدان و بەرەو پێش بردنی ڕێکخستنمان بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەبێت ئەو بارە ئاڵۆزەی لە مەیدانی کوردستاندا هەیە نەخەینە پشت گوێ .

لەبارەی پەیوەندی گشتی ، پارتیمان زانستییانە دیاری کردووە کە ئێمە دەبێت پەیوەندییەکانمان لەسەر ئەو بناغەیە دروست کەین کە ئێمە لایەنێکی پێشکەوتنخوازین و خەبات دەکەین بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی میللەتی کوردو عێراقی و هێنانەدی هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ هەموو هێزەشۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان و لەهەمان کاتدا تێکۆشانی بێ ووچان دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و هەموو هێزە کۆنەپەرست و چڵکاو خۆرەکان .

پارتیمان زۆر شانازی دەکات بەوپەیوەندییانەی کەهەیەتی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراسی ( جود ) و هەروەهاش لەگەڵ زۆر لە هێزنیشتمانییەکانی تری عێراق ، »

»ئێمە بێ ووچان خەبات دەکەین لە پێناوی بەدیهێنانی یەکێتی لە نێوان هەموو هێزە نیشتمانپەروەرو دیموکراتی و نەتەوەیی و ئیسلامییەکان دا . تەنانەت کە ئەمە تەنها ڕێگایە بۆ لەناوبردنی ڕژێمی بۆگەنی دیکتاتۆری و لەپێناوی بەدیهێنانی حوکمێکی نیشتمانپەروەری دیموکراتی لە عێراقدا . دیسان شانازی بە پەیوەندیمان دەکەین لەگەڵ برا پارتە کوردستانییەکان و لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی عەرەبی، بەپارت و دەوڵەت و ڕیکخراوەکانیانەوە، هەروەها لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی

ئەندامانی پارتیمان و ڕێکخراوەکانی هەمیشە بێوەستان بەشداریان کردووە لە چالاکییەکانی جەماوەری و دام و دەزگا کوردستانییە ڕۆشنبیریی و نیقابیبیەکان و یادە نیشتمەنیەکاندا . ئەتوانین بڵێین بەدەگمەن ئەگەر خۆ پیشاندانێک هەبووبێت دژ بە ڕژێمی فاشی سەددام ، چ لەدەرەوەی وڵات و چ لەناوەوە ، کە دەستی ئەندامان و ڕێکخراوەکانی پارتیمانی تێدا نەبووبێت .

بەبۆنەی یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتیمان ، پێویستە لەسەرمان بە چاوێکی شیکەرەوەی زانستیيانە تەماشای تەواوی بارو زروفی پارتیمان بکەین . دڵی هەڤاڵانمان پڕ لە هیوا و گەشبینییە و دەرگایەکی فراوانتر لەجاران بۆمان کراوەتەوە بۆبەرەو پێش بردنی خەباتی پارتیمان لە هەموو بارێکەوە ، بەتایبەتی لەڕووی پێشمەرگایەتییەوە، بۆ ئەوەی دەوری تەواوی خۆی ببینێت لە خزمەتکردنی میللەت و نیشتمانەکەی.

سەرەڕای ئالۆزی و تێکەڵی ئەو هۆیە سلبیيانەی کەختمانەبەرچاو ئێمە لەوباوەڕەداین کەبەبێ ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی سەدام بەهیچ جۆرێک ناتوانرێت چارەیەک بۆ گیروگرفتەکانی عێراق بەعەرەب و کوردو کەمایەتییەکانی بدۆزرێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو خۆ بەخت کردنە بەفیڕۆ نەچێت و بۆئەوەی هێزە کۆنەپەرست و چڵکاوخۆرەدیکتاتورییەکان جارێکی تر چارەنووسی میللەت نەکەوێتە دەستیان، و بۆئەوەی مارە نەدرێت بە پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بۆ دابەشکردن و بە " لوبنان " کردنی عێراق سەربگرێت پێویستە لەسەر هەموو هێزەکانی موعارەزەی نیشتمانی عێراقی دیموکراتی نەتەوەیی و ئیسلامی کە بەرزتر بن لەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێتە بەردەمیان و لەوناکۆکییانەی کە لە نێوانیانا هەیە، لەپێناوی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی فراوان کە توانای ئەوەی هەبێت ببێت بە جێگرێکی نیشتمانپەروەری دیموکراتی بۆ ڕژێمی عێران کە ئامانج و خواستی میللەت بخاتە بەر چاو .

هەروەها دەبێت بیرێک لە باری نالەباری کوردستان و ئەو دابەشکردنەی کە تووشی بووە بکەینەوە ، بە تایبەتی مەسەلەی دابەش بوونی کوردستانی عێراق لە درێژایی دە ساڵی ڕابوردوودا بۆ دوو ناوچە بەهۆی بوونی دەستەڵاتی چەکدارانە ، ئەمەش بارێکی زۆر نالەبارە چونکە لە ئەنجامی ئەم دابەش بوونە هیچ لایەک ناتوانێت دەستکەوتێکی گرنگ بۆ میللەتەکەمان بهێنێتە دی ، نەلەژێر سایەی ئەم ڕژێمەو نە ڕژێمێکی تر . بەدرێژایی ساڵانی ١٩٦١–١٩٧٤: هەموو گفتوگۆیەک و شەڕ ڕاگرتنێک و دانانێک بە مافە ڕەواکانی نەتەوایەتی و دیموکراسی میللەتەکەمان کە ڕووی دابێت ، هەمووی لە ئەنجامی بەهێزی

گەلی کوردی یەکگرتوو بووە کە توانیویەتی ڕووبەڕووی میری بوەستێت ، ئێمە لەو باوەڕەداین کە لەباری دابەشکراوی کوردستانی عێراق دا هیچ لایەک لەتوانای دا نیە کە ببێتە هێزێکی وەها بتوانێت مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان لە حکومەتێکی بۆرژوایی بسێنێت بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم دابەشبوونە ماوە بە میری ئەدات و پاڵی پێوە دەنێت کە سوود لە وەزعەکە وەربگرێت و خۆی بکێشێتەوە لەمەسەلەی دانان بە مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی گەلەکەمان ، ئێمە دەتوانین بڵێین کە زۆر لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی کە تووشی دەردی دوو بەرەکی بوون هەلی گرنگی مێژوویان لە دەست چووە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان .

ئێستا لە کوردستاندا زۆر قسەدەکرێت و چەند دیتنێک ڕووی داوەو ڕوو دەدات لە بارەی یەکگرتن و پێکهاتنەوەی گشتی لە کوردستاندا ، پارتیمان کە هوشیارانەو تێگەیشتووانە توانیوێتی خۆی لە هەموو جۆرە شەڕێکی ناوخۆیی بپارێزێت سەرەڕای ئەو ناڕەحەتییانەی کە تووشی بوو ، هیوادارە کە هەموو لایەک خۆی لە گیروگرفتی کۆن و دووبەرەکی کردن و مەیدان داگیر کردن لابدات ، بۆئەوەی کوردستان ببێتە مەیدانێکی فراوان بۆ هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانپەروەر و کۆتایی بە سیاسەتی ( فیتۆ ) دانان و قەدەغە کردنی هێزەکانی تر لەخەباتکردن و گیانی دیموکراسی و هەستبە لێپرسراوی زاڵ بێت لە پەیوەندی نێوان هێزە خەباتکەرەکانی کوردستان .

ئێمە لەم بارەیەوە نامانەوێت نەگەشبینییەکی سادانەو نە ڕەشبینییەکی بێ هیوا بخەینە بەرچاوی میللەت ، بەڵکو دەڵێین ئەم مەسەلە گرنگە پێویستی بە خەباتێکی گەلێک زۆر و بەردەوامی پارتایەتی و بینینێکی مێژوویی و ئاسۆیەکی ستراتیژی هەیە .

ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هیچ درێغی ناکەین لەهەوڵ و تەقەلای خۆمان بۆ بەجێهێنانی یەکێتی هێزە خەباتکەرەکانی کوردستان ، بەهیوای ئەوەی ببێتە هاندانێک و پێشەکییەک بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی فراوان دژ بە فاشییەت و شۆڤێنییەتی سەددامی دەستەڵاتدار و ئاغاکانی لە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان .

* هەربژی یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتیمان
* نەمری بۆ شەهیدانی پارتیمان و هەموو بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردی و بزوتنەوەی نیشتمانی عێراق.
* هەر بژی خەباتی گەلان دژ بە ئیمپریالیزم و فاشییەت و کۆنەپەرستی لەپێناوی ئاشتی و دیموکراسی و سۆسیالیزم دا .

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

٢٦/تەمووزی/١٩٨٦

# پیرۆزبایی نامە

بەبونەی یادی پینجەمی دامەزراندنی پارتیمان ژمارەیەکی زوری پیروزبایی نامەمان پی گەیشتووە لەلایەن پارت و ریکخراوە کوردستانی و عیراقی و عەرەبییەکانەوە ،لەم ژمارەیەدا هەندیکیان دەخەینە بەرچاوی خوینەران ..

## بروسکەی بەرەی دیموکراتی بۆ ئازادکردنی فەلەستین

هەڤالانی کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

لەیادی پینجەمی دامەزراندنی پارتییە خەباتگیرەکەتاندا ، پیخوشحالین بەناوی خەباتگیران و پیشمەرگەکانی بەرەی دیموکراتی بو ئازادکردنی فەلەستین و بەناوی خەباتگیران و پیشمەرگەکانی گەل و شورشی فەلەستین گەرمترین پیروزبایی هەڤالانە پیشکەش بکەین بە ئیوەو خەباتگیرانی پارتیتان و بە گەلی کوردی قارەمان .

ئاهەنگ گیرانتان بەم بونەیەوە وەک لایەنیکی پیشکەوتنخوازی خەباتگیرلەلایەنەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە کاتیک دایە کە گەلەکەتان دوچاری جورەها شیوەی زولم و زورداری دەبی لەلایەن تاقمە فاشییە حوکمدارەکانی هەندی ولاتانی ئەم ناوچەیە ، لە کاتیک دایە کە گەلە ئازاکەتان لەبار و دوخیکی هەریمی و جیهانی یەکجار گران و ئالوزدا بی کولدان دریژە بە خەباتی خوی دەدات لە پیناوی مافی بریاردانی چارەنوسو دیموکراسی و ژیان بەئاشتی وەک سەرتاپای گەلانی جیهان .

لەمڕووەوە، گەلەکەمان و شورشەکەمان، بە تایبەتی بەرەی دیموکراتی بو ئازادکردنی فەلەستین بەتوندی لایەنی خەباتی ئیوەو خەباتی گەلی کوردی برا دەگرن کە نەوەرە خەباتگیرەکانی گەلی کورد نەوە دوای نەوە بەبەردەوامی ئالای خەبات هەلدەگرن لەپیناوی بەدیهینانی ئەم ئامانجە مەزنانەدا .

ئەوەتا لە عیراق ، هەروەک لە ولاتانی تریش دا ، بەبی شەرم نکولی لە سادەترین مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکەن و رژیمی عیراق بە چەندەها شیوە کاردەکات دژی هیزەکانی موعارەزەی نیشتمانی ودیموکراسی عیراق و جەماوەری گەلی عیراقی برا .

بەردەوام بوونی جەنگی عیراق و ئیران سەرەرای زیان گەیاندنی زور بەبەرژەوەندی گەلانی ناوچە ، بەتایبەتی لە عیراق وئیراندا ، ئەوا ئەم جەنگە هەموودەروازەکان دەخاتە سەر گازی پشت بو زیادبوونی دەسەلاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و باروودوخی لەباری بو دەرەخسینی تا زیاتر دەست بخاتە ناو کاروباری گەلانی ناوچەکەو زیاتر دەستدریژی بکاتە سەر هیزە نیشتمانی و پیشکەوتنخوازەکانی .......

## بروسکەی

## بزوتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی

## فەلەستین (فەتح)

برایان لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

سڵاوی خەبات و شۆڕش

بەبونەی یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتییە خەباتگێڕەکەتان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، بەناوی سەرکردایەتی کاتی بزوتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانیفەلەستین (فەتح) و بەناوی گشت خەباتگێڕانی بزوتنەوەکەمان سڵاوی گەرمی برایانەتان لێ دەکەین. دڵنیاین کە ئەم بۆنەیە دەبێتە هاندەرێکی بە هێز بۆ ئێوە بۆ بەردەوامبون لە خەباتدا شان بەشانی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی ناو بەرەی نیشتمانی دیموکراسی (جود) لە پێناوی ڕوخاندنی ارژێمی صدام حسین و ڕاگرتنی جەنگە وێرانکارییەکەی نێوان عێراق و ئێران کە هێز و توانای گەلی عێراق و گەلانی ئێران بە فیڕۆ دەدات و ڕێگا نادات ئەم توانایانە بخرێنە گەڕ دژی زایۆنی و ئیمپریالیزم کە دوژمنی هاوبەشی هەموولایەکمانە و بۆ گەیشتنە عێراقێکی پێشکەوتنخواز کە ئاوات و خواستە ڕەواکانی گەلەکەتانی تیا بهێنرێتە دی.

بەم بۆنەیەوە بۆتان دووپات دەکەینەوە کە ئێمە بەردەوام دەبین لە خەباتماندا شان بەشانی هێزە نیشتمانی و دیموکراسییەکانی فەلەستین و ڕژێمە نیشتمانییە عەرەبییەکان لە پێناوی ڕوخاندنی ڕێبازی لەڕێ لادەری لە سەر گۆڕەپانی فەلەستین، بەو باوەڕەوە کە خەباتکردن بۆ ڕوخاندنی گشتلێو پۆپ و پاڵپشتەکانی ئەم ڕێبازە دەگرێتەوە لەسەر گۆڕەپانی عەرەبی، کە هاوپەیمانێتی صدام، حسێن، موبارەک گەورەترین پاڵپشتە بۆ ئەم ڕێبازە.

شۆڕش تا سەرکەوتن

تەموزی/١٩٨٦

عەقید ئەبو موسا

ئەمینداری سەرکردایەتیکاتی

بزوتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانیفەلەستین

(فەتح)

## بروسکەی

## پارتی کومونیستی سوریا

بۆ / مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

هەڤاڵانی ئازیز

لەیادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتیتاندا، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان ـ گەرمترین سڵاوی هەڤاڵانەتان لێ دەکەین و حەز دەکەین سەرلەنوێ بەم بۆنەیەوە هاوکاری خەباتگێڕی تەواوی خۆمان دووپات بکەینەوە لەگەڵ خەباتی گەلی عێراقی برا بە عەرەب و کوردەوە بەسەرکردایەتی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی لە پێناوی کۆتایی هێنان بە جەنگی وێرانکاری نێوان عێراق و ئێران و هێنانەدی ئاشتییەکی ڕەوا بەبێ داگیرکردنی خاکی یەکتر و لە پێناوی ڕوخاندنی دیکتاتۆری خوێنمژ لە عێراق و بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ عێراق و زامن کردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عێراق.

سکرتاریای کۆمیتەی ناوەندی

پارتی کۆمۆنیستی سوریا

## بروسکەی

### بەرەی خەباتی گەلی فەلەستین

هەڤاڵانی خەباتگێڕ لە پارتی دیموکراتی
گەلی کوردستان

سڵاوێکی خەباتگێڕانە

بەناوی کۆمیتەی ناوەندی بەرەی خەباتی گەلی فەلەستین و بەناوی کادر و خەباتگێڕانی بەرەکەمان گەرمترین پیرۆزبایی هەڤاڵانەتان لێ دەکەین بەبۆنەی یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتیە خەباتگێڕەکەتان ، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان.

بەم بۆنەیەوە ئێمە رێزێکی گەورەمان هەیە بۆ ئەو ئەرک و بەرپرسیاریانەی بزوتنەوەی نیشتمانی عێراق گرتویەتیە ئەستۆی خۆی لە پێناوی دامەزراندنی رژێمێکی نیشتمانیی دیموکراسی دا لە عێراق و کۆتایی هێنان بە جەنگی ئێران و عێراق و سەرئەنجامە وێرانکارییەکانی بۆ سەر ئەم دوو وڵاتەو بۆ سەر گەلانی ناوچەکە .

ئێمە لەبەرەی خەباتی گەلی فەلەستین و لە شۆڕشی فەلەستین رێزی تەواومان هەیە بۆ خەباتی نیشتمانی و ئەو قوربانییەمەزنانەی گەلی عێراق پێشکەشی کردووە و هێشتا پێشکەشی دەکا لەسەر رێی خەباتە سەخت و دژوارەکەی دا لە پێناوی گێرانەوەی عێراق بۆ شان دانە بەر ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لەژێر سایەی رژێمێکی نیشتمانیی دیموکراسی دا کە سەربەخۆیی هەویەی عەرەبی بپارێزێ و لە پێناوی مافی گەلی کوردی خەباتگێڕی برا بۆ ئۆتۆنۆمی راستەقینە .

بەم بۆنەیەوە سڵاوی هەڤاڵانەمان نوێ دەکەینەوە لەسەر رێی خەباتی هاوبەش . ئاواتە خوازین پارتیەکەتان سەرکەوتوبێ لە هاوبەشیکردنی لە پتەوکردن و بەهێزکردنی یەکێتی بزوتنەوەی نیشتمانی عێراق، و بەردەوام بوون لە خەباتی رەوای دا .

١٩٨٦/٧/٢٥

کومیتەی ناوەندی
بەرەی خەباتیگەلیی فەلەستین

## بروسکەی

# KUK_SE

بۆکۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی
گەلی کوردستان

هەڤالانی هێژا

بەسڵاوی گەرمی شۆڕشگێڕانەمان پیرۆزبایی دەکەین لە یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتیتان، هیوامان سەرفرازی ئێوەو کادرو پێشمەرگەکانتانە.

هەڤالان

ئەمڕۆ ئیمپریالیزم، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی ، بەخۆپڕچەککردنی بە چەکی نیوکلەری(ئەتۆمی) چارەنووسی مرۆڤایەتی خستۆتە مەترسییەوە، لەبەر هێزی پێشنیاری پراتیکی سیستەمی سۆسیالیستیدا بەسەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئاشتی جیهان،ڕۆژ بەرۆژ ئیمپریالیزم پاشەکشێ دەکات لەبەر ئەم هۆیە ئیمپریالیزم رۆژ بەرۆژ درترەدەبێ و هێرش و دەستدرێژییەکانی زێدەتر دەکات بۆ سەر وڵاتانی سۆسیالیست و نیشتمانپەروەر و بۆ سەر بزوتنەوە پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازەکان .

لەوڵاتی ئێمەشدا ، هێرش و دەستدرێژی کۆلۆنیالیزم لەسەر گەلی کورد زیاتر بووە باری بزوتنەوەی نەتەوەیی ئازادیخوازی کوردیش زۆر باش نیە .

## یادی دامەزراندن

لەکاتی ئێستادا ، کۆکردنەوەی هێزەکان بەتایبەتی لە کوردستانی خوارو و نەهێشتنی ناکۆکی گەرم لەناو پارت و ڕێکخراوەکان کە کاریگەرێتی سەلبی هەیە بۆسەر گەل ئەرکێکی مێژوویە کەوتۆتە ئەستۆی شۆڕشگێڕان.ئێمە هیوادارین لەم ڕێ پڕ گیروگرفتەدا ئێوە سەرکەوتوبن .

هاوپەیمانێتی ئێوەش لەگەڵ هێزەنیشتمانی و دیموکراسیەکان و کۆمۆنیستەکان قۆناغێکی نوێ یە و هیوابەخشە .

لەم پێنج ساڵەدا بەکارو خەبات و بەتایبەتی بە خوێنی شەهیدان دەستکەوت و سەر کەوتنی ئێوە مایەی شانازی وشادمانیە بۆ ئێمە .

ڕێگامان بدەن تا ئێمەش هاوبەشی خۆشی و شادمانیتان بکەین بە بۆنەی پێنج ساڵەی پارتی ئێوەو خەباتی ئێوە لەسەر خاکی نیشتمان ،

جارێکی تریش پڕ بەدل پیرۆزباییتان لێ دەکەین .

لەگەڵ سڵاوی شۆڕشگێڕانەی هەڤالانە

ڕزگارڤانێن نەتەواییێن کوردستان
- پاسکی سوسیالیست - ( کوکس )

١٩٨٦/٧/٢٦

---

بروسکەی

# ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد ئاسیا

بۆ هەڤالی شۆڕشگێڕ کاک سامی عەبدولرەحمان
هەڤالانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە .

بەبۆنەی دامەزراندنی پارتە تێکۆشەرەکەتان ،پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، پیرۆزبایی تان لێ دەکەین ، بە شانازییەوە باسی خەباتی پێنج ساڵەی پارتە پێشڕەوەکەتان دەکەین،بە بڕوای ئێمە لە ئەمڕۆدا کە بارو زروفی ڕامیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەرەو ئاڵۆزی ونالەباری ئەڕوات و ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان ئەیانەوێت بەیەکجاری دەنگی ئازادیگەلەکمان ببڕن، لەدایک بوونی پارتی گەلو تێکۆشان و خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەکانی ڕوداوێکی مێژوویەو هێزێکی گەورەشە بۆ ڕوخاندنی پیلانەکانی دوژمن و مسۆگەر کردنی داهاتویەکی ڕووناک بۆ گەلەکەمان .

با هەرگیز لەیادمان نەچێت کە یەکگرتنی هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بەکێکە لە داواکارییە بنەڕەتییەکانی پارتی گەل و بناغەیەکی پۆڵایینە بۆ شۆڕشەکەمان. ئێمەی خوێندکارانی کورد لە ئاسیا بڕوایەکی تەواومان بە هەوڵ و خەباتی پارتەکەتان هەیە لەم بوارەدا و ئومێدەوارین ببن بە پێشڕەوی خەبات و یەکێتی هێزە شۆڕشگێڕەکان و هەمیشە لە هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەتانەوە بتوانن مافی خوراوی گەلەکەمان وەرگرن و چارەسەری نەخۆشییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بکەن . ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە جارێکی تر بەڵێن ئەدەین کە دەستلەخەبات بەرنەدەین و لەگەڵتانا مەشخەڵی خەبات هەڵگرین .

ئیتر بۆ پێشەوە

ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد - ئاسیا -

١٢/تەموزی/ ١٩٨٦

# بروسکەی PPKK

بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

هەڤالانی هێژا

بەناوی پارتی پێشەنگی کارکەرانی کوردستان پڕ بەدڵ گەرمترین و جوانترین سڵاوتان لێ دەکەین بەبۆنەی یادی پێنجەمین ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانی برا .

ئاهەنگ گێڕانتان بەم بۆنەیەوە، لە کاتێک دایە کە پێشبرکێی خۆپڕچەککردن لە جیهاندا لەپەرەسەندندایە و هێرشی دوژمنکاری کۆنەپەرستانی جیهان بەرابەرا بەتیدام و دەزگای ڕیگن بەردەوام و لە زیادبووندایە بۆ سەرگەلانی جیهان، بەنیازی بڕینی دەنگی هێزە دیموکراسی خوازو ئاشتیخوازو سوسیالیستەکان هەروەها پەنابردنیان بۆ بەر پێشبرکێی خۆ پڕ چەک کردن ، بریتی یە لە هەڕەشەکردنێکی گەورە لە چارەنووسی مرۆڤایەتی، کە جەنگێکی ڕانەگەیەندراویشی بەرپا کردووە دژی گەلانی سەربەخۆو بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی لە ناوچەکەماندا

هەڤالانی هێژا

خەباتی ئێوەوئەو سەرکەوتنانەی هێزە دیموکراسی خوازو نەتەوەییەکانی کورد لە دژی سەددامی دیکتاتۆری خوێنمژ ، ترس و لەرزیشی خستۆتە نێو دڵی داگیرکەرەتورکەکان، بۆیە هەربۆیان بلوێ دەکەونە دەست درێژی کردن وبە درندەیی پەلاماری گەلەکەمان دەدەن ، لە بەرامبەر هاریکاری و پێکەوە ڕێکەوتنی دوژمنان لەگەڵ یەکتر بۆ کپ کردنی خەباتمان و بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکەمان ، دەبێ ئێمەش هێزە سیاسییەکانی کوردستان ، زیاتر لێک نزیک ببینەوەو هاوکاری و هاریکاری نێوانمان لەگەڵ یەکتر پتەوتر بکەین .

پارتیمان بایەخێکی زۆر دەدات بەخەباتی هێزە دیموکراسی و نەتەوەییەکانی کوردستان' و هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازە عەرەبیە - کانی عێراق لەپێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەددامی خوێنمژ. بەلای ئێمەوە یەکێ لە هۆیەکانی مانەوەی ئەم دیکتاتۆرە لەسەر حوکم دەگەڕێتەوە بۆ باری پەرت وبڵاوی، هێزە دیموکراسی و نەتەوەییەکانی کوردستان و هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازە عەرەبیەکانی عێراق کەئەوەش بەدەوری خۆی دەبێتە هۆی دروست بوونی گیرو گرفت و ناکۆکی لابەلایی لەنێوان ئەم هێزانەدا .

پارتیمان کە پیرۆزبایی لە (پارتی گەل) ی برای دەکات بەبۆنەی پێنجەم ساڵی دامەزرانی هیوادارە کە ئەم یادە ببێتە موناسەبەیەک بۆ پتەو کردنی یەکگرتن و هاریکاری نێوان هێزە نیشتمانی و دیموکراسییە خەباتگێڕەکان دژی ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام.

جارێکی تریش جوانترین و گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین و سڵاوی شۆڕشگێڕانە پێشکەش کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی پێشمەرگەنەبەردەکانتان دەکەین کە چەکی خەباتیان هەڵگرتووە . ئومێدەوارین لە ساڵانی ئایندەدا سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنن .

- بژی هاوکاری و هاریکاری نێوان هێزەکانی کوردستان

مەکتەبی سیاسی
پارتی پێشەنگی کارکەرانی کوردستان
١٩٨٦/٧/٢٦

## بروسکەی

## پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانی خەباتگێڕ و برا .

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بەبۆنەی تێپەڕبوونی یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتییە براکەتان لە بیست و شەشی تەموز . بەناوی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان و ئەندامان و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان ( پێشمەرگە ) گەرمترین پیرۆزبایتان لێ دەکەین و ئاواتە خوازی سەرکەوتنتانین.

پارتیمان کە لەکاتی دامەزراندنیەوە بە دڵسۆزی کاری کردووە بۆ یەکگرتنی گەلی کورد لە خەباتە ئازادیخوازییەکەی دا ،هێشتا تائێستاش هەر بە دڵسۆزی کاردەکات لە پێناوی هێنانەدی هیوا و خواستەکانی گەلەکەمان. لەم ڕوانگەیەوە و لەهەستکردن بە لێپرساوێتی مەزن لەلایەک پشتگیری ئێوەو گشت پارتیەکانی تری کوردستان دەکەین و لەلایەکی ترەوە پشتگیری هەموو پارت و هێزە پێشکەوتنخواز و دیمرکراسی و ئیسلامییەکان دەکەین بۆ یەکخستنی ڕیزو پەرەدان بەخەباتی سیاسی و چەکداریی لەپێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی سەددام و ڕزگارکردنی گەلی عێراق بە عەرەب و کوردو کەمایەتییەکانیەوە لە دیکتاتۆریی و لەجەنگ و هێنانەدی ئاشتییەکی ڕەوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران تا هەردوو وڵات و گەلەکانیان هاوبەشی بکەن لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی لە ناوچەکەدا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان .

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٦/تەمموز/١٩٨٦

## بروسکەی

## پارتی کومونیستی عیراق

بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

بەناوی کومیتەی ناوەندی و گشت ئەندام و لایەنگرانی پارتەکەمانەوە سڵاو لە یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتییە هاوپەیمانەکەتان دەکەین و پڕ بەدڵ ئاواتە خوازی پێشکەوتن و بەدیهێنانی سەرکەوتنی زیاتر بۆ پارتیتان لەگەڵ هێز و پارتییەکانی تری ناو بەرەی نیشتمانی دیموکراسی ( جود ) .

هاتنە ڕیزی پارتیتان بۆ ناو ( جود ) سەرکەوتنێکی ئاشکرا بوو بۆ پێشخستنی هەڤگرتنی نیشتمانیی عیراق و هەنگاوێکی گرنگ بوو لە ڕێی دامەزراندنی ئەو بەرە نیشتمانیە فراوانەی کە بریتی بێ لە گشت ئەو هێزە نیشتمانیانەی خەبات دەکەن لە پێناوی کۆتایی هێنان بە جەنگ و ڕوخانی دیکتاتۆری و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراسی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلی عێراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە بە ئیرادەی ئازادی خۆی .

هاوڕێ ئازیزەکان : هیواداریین ( جود ) ئاستی کاری خۆی لە هەموو بوارەکاندا بەرز بکاتەوە تا ببێتە ئەو هیوایەی کە بە قوربانییەکانی پێشمەرگە و خەباتگێڕانی پارت و هێزەکانی دەگەشێتەوە تا گەیشتن بە دامەزراندنی ڕژێمی نیشتمانی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان .

جارێکی تریش سڵاوی هەڤاڵانەو هیواداریمان بۆ سەرکەوتنتان و هێنانەدی ئاوات وخواستی خەباتگێڕانی پارتییە هاوپەیمانەکەتان .

سەرکەوتن بۆ گەلانی خەباتگێڕە

کۆمیتەی ناوەندی

پارتی کۆمۆنیستی عێراق

١٩٨٦/٧/٢٥

## بروسکەی

## پارتی سوسیالیستی کوردستان - عیراق

بو / مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

سڵاوێکی خەباتگێڕانەی گەرم

بەبۆنەی یادی پێنجەم ساڵەی دامەزراندنی پارتییە هاوپەیمانەکەتان ، خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە گەرمترین وجوانترین پیروزبایی لە ئێوەو لەگشت خەباتگێڕانی پارتییە خەباتگێڕەکەتان بکەین . ئاواتە خوازین خەباتتان بەردەوام لەبەرەوپێشەوە چوون و گەشەسەندندابێ لەپێناوی ئامانجکانی گەلی کوردو بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەیدا لە هێنانەدی یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی بەدامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی لەسەر بناغەی ئیلتیزام بە بڕیاری سەربەخۆی کوردانە و کارکردن شان بەشان لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکانی عێراق بۆ بەدیهینانی بەرەی نیشتمانی سەرتاپایی عێراق ویەرەدان بەخەبات بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی عێراق و دامەزراندنی حوکمێکی ئیئتلافی نیشتمانی کە بتوانی چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکان بکا ، لەپێش هەموویانەوە لابردنی شڕێنەوا ریجەنگە ویرانکارییەکەو بڕیاردان لەسەر مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد

- بژی یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان .

٢٦/تەموزی/١٩٨٦

مەکتەبی سیاسی

پارتی سوسیالیستی کوردستان - عێراق

## بروسکەی

## تەجەمموعی دیموکراتی عیراق

هەڤالانی هێژا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

بەلای تەجەمموعی دیموکراتی عیراقەوە ئاهەنگ گێڕانی بیرەوەری پێنجەم ساڵەی دامەزراندنی پارتیتان ، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان ، بۆنەیەکی ترە بۆ ئانازی کردن بە پەیوەندی دووقۆڵی نێوان ئێمەو پارتیتان کە پێش چوونە ڕیزی هەردوو لامان بۆ ناو بەرەی نیشتمانیدیموکراسی ( جود ) دروست بووە و گەشەی سەندوەو دوای چونە ڕیزمان بۆ ناو ( جود ) زیاتر پتەو بووە .. هەروەها ئاهەنگی ئەم بیرەوەرییەتان بۆنەیکی ترە بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو بنەمایانەی جاران و ئێستاش لەبناغەی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکانمان و هاوپەیمانیتیمان دایە لە چوار چێوەی بەرەی نشتمانی دیموکراسی ( جود ) دا .

ئەو دەورەی کە ئێوە دەیگێڕن لە چوار چێوەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردو لەخەباتی نشتمانی دیموکراسی گەلی عێراقلە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی و کۆتایی هێنان بەجەنگ لە سەر بناغەی ئاشتییەکی دیموکراسیيانەی ڕەوا و هێنانەدیی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد شایانی ڕێز لێ گرتنە .

( جود ) بریتییە لە ئامرازێکی سەرەکی بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە ، بۆیە کار کردن لە پێناوی پتەو کردن و بەرەو پێشەوە بردنی ( جود ) بۆ ئەوەی دەورێکی سەرەکی ببینێ لە هەڤگرتنێکی فراوان دا کە

سەرتاپای هێزە نیشتمانی و دیموکراسی و نەتەوەیی و ئیسلامیەکان بگرێتەوە ، ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتی نشتمانی دیموکراسی گەلەکەمان .

دەوری ئێوە لە بواری پتەوکردنی هاوپەیمانێتی لە نێوان بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی گەلی کورد و بزوتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی عەرەبی و سەرجەمی بزوتنەوە ئازادیخوازییەکانی‌ناوچەکە و هێزەکانی ئازادیخوازوپێشکەوتنخواز لە جیهان دا جێی ڕێز لێگرتنە .

لەم بارو دۆخەدا کە ئاستەنگی ڕژێمقولتر دەبێتەوە بەهۆی نقوم بوونی لەناو ڕێبازی شۆفێنی و تایەفەگەری دژ بە دیموکراسی و بەهۆی پەککەوتنی لە کۆتایی هێنان بە جەنگ و توانا نەبوونی بۆ هێنانەدی ئاشتییە-کی ڕەوا کە یەکێتی و سەربەخۆیی نیشتمانە-کەمان و مافی بەرەوپێشەوەچونی سەربەخۆیی گەلەکەمان بپارێزێ ، ئەرکی سەرشانی گشت هێزەکانی گەلەکەمانە پەرە بە هەموو جۆرەکانی خەباتی خۆیان بدەن لەپێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی و کۆتایی هێنان بە جەنگ و بەچەوساندنەوەی تایەفەگەری و نەتەوەیی .

گومانی تێدا نیە ئاهەنگ گێڕانی ئێوەو هەڤالانتان و دۆستان بە بۆنەی یادی‌پێنجەمی دامەزراندنی پارتییە هاوپەیمانەکەتان لەم ڕوانگەیەوەیە .

جارێکی تریش بەم بۆنەیەوە سڵاوتان لێ دەکەین و شانازی خۆمان دەردەبڕین بە پەیوەندی خەباتگێڕانەی نێوانمان لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی دیموکراسی(جود)دا .

١٩٨٦/٧/١٥

مەکتەبی سیاسی

تەجەموعی دیموکراتی عێراق

بروسکەی

پارتی سوسیالیستی عیراق

هەڤالی خۆشەویست سامی عبدالرحمن

ئەمینداری گشتی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان .

هەڤالانی ئازیز ئەندامانی کۆمیتەی‌ناوەندی

بەبۆنەی یادی پێنجەمی دامەزراندنی پارتییە خەباتگێڕەکەتان ، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان ، ئێمە لە پارتی سۆسیالیستی عێراق، بەم بۆنە پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆز-بایی لە ئێوەو گشت کادر و ئەندامانی پارتیتان دەکەین .

ئێمە لە پارتی سوسیالیستی عێراق دا وەک یەکێ لە لایەنەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی عەرەب شانازی دەکەین بە پتەو بوونی پەیوەندی خەباتگێڕی لەنێوان هەردوو پارتیمان دا چ لەناو چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی دیموکراسی (جود) و چ لە سەر ئاستی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوانمان لە هەمان کاتیش دا هەموو پێکەوە شان بەشانی هاوپەیمانەکانمان لە ( جود) دا تێدەکوشین بۆ پتەوکردنی خەباتی هاوبەش لە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری کۆنەپەرست کە چۆکی داداوە لەسەر سنگی‌گەلەکەمان لە عێراق، لەگەڵ خەباتکردن لە هەمان کاتدا بۆ ڕاگرتنی جەنگە وێرانکارییەکە و دامەزراندنی حکومەتی ئیئتلافی دیموکراسی کە لە سایەی دا دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان بهێنرێتەدی تا عێراق بتوانێ پاش‌ئەوە بە هێز و توانای خۆی ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر ببینێ لە جەنگەکانی میللەتی عەرەب دا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان .

جارێکی تریش بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایتان لێ دەکەین و هیوادارین لە یادەکانی داهاتوا پارتیتان زیاتر بە هێزو بەتواناتر بێ لە پێناوی خزمەتکردنی گەلی کوردستان بە تایبەتی و گەلی عێراق بەگشتی ، لەسەر ڕێی خەباتی هاوبەشمان بۆ بەرهەڵستیکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی .

١٩٨٦/٧/٢٧

مەکتەبی سیاسی
پارتی سوسیالیست ـ عێراق

## پیرۆزبایی

## بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق

برایانی خەباتگێڕ لەمەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

سڵاوی برایانەی خەبات و شۆڕش و تێکۆشان

بەبۆنەی یادی چل ساڵەی دامەزراندنی پارتیتان ، بەپێخۆشحاڵییەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئاواتە خوازین هەمیشە لەپێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتردا بن.

بێگومان دەزانن کە یادی چل ساڵە لە مێژووی هەر پارتێک یا هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی دا ، بۆنەیەکی گرنگە و پێویستی بە ڕاوەستان و سەرنجدانێکی قووڵە بەرامبەر ڕەوتی ڕووداوەکان ، لەبەر ئەو توانا گەورانەی پارتیتان هەیەتی لەواقیع دا و لە بەر ڕەنگدانەوەیان لەسەر سەرتاپای خەباتی گەلەکەمان لەپێناوی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییە ڕەواکانی ، ئەم بۆنەیە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە .

هەڤالان

ئێمە لەپارتی دیموکراتی گەلی کوردسان وا دەبینین کە لەئاسۆدا هەندێک نیشانە دیارە کە دەتوانرێ و بەڵکو پێویستیشە بەکار بهێنرێ بۆ بەرژەوەندی گەلە زامدارە خەباتگێڕەکەمان ، زۆربەی نیشانەکان وا دەردەخەن کە کات لەبەرژەوەندی قادسیەی شووم و پڕ شورەیی نیەو ئەوانەی پاڵیان نا بەسوارە گەوج و هەڵەشەکەیەوە بۆ هەڵگیرسانی ئاگری ئەم جەنگە ئێستا لە ڕوخساریاندا هێمای ماندویی و شەکەتی و پەشۆکاوی و نیگەرانی لە چارەنوسی ڕژێمی عێراق و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەخوێندرێتەوە .

لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردستانی عێراقو جەماوەرەکەی دەناڵێنی بەدەست زامی قوڵی پەرت و بڵاوی و دابەش بوون ، ئەوا پەنا بردنە بەر گفتوگۆ لەبری چەک بەکارهێنان دژی یەکتر لەسەر هەمووومان پێویسە تا لەو ڕوانگەیەوە بکەوینەکار بەرەو هێنانەدی یەکگرتنی نیشتمانی چاوەڕوانکراو. سەرەڕای ئەوەش ئێستا ئەو دەستپێشکەرییە نوێ یە لەئارادایە کە داوای کۆنگرەیەک دەکات بۆ گشت هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق بەئامانجی هاوکاریی و هاریکاری کردن، کە ئاواتەخوازین بەشدارییەکی کاریگەریانە بکات لە بەرز کردنەوەی ئاستی خەبات بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی سەدامی عەفلەقی و هێنانەدی ڕێکەوتنی ڕەوا لەنێوان هەردوو گەلی دراوسێ و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراسی هەڵبژێراو لەلایەن گەلی عێراق و شاد بوونی گەلی کورد بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی .

پتەوکردنی خەباتی ناوکۆییمان و بەهێز کردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەردوو پارتیمان بەتایبەتی لەناو چوارچێوەیبەرەی نیشتمانی دیموکراسی ( جود ) دا ، لەوێشەوە پێکەوە هەنگاونان بەرەو ئاسۆی فراوانتر دەتوانێ هاوبەشی بکات لە بەرزکردنەوەی پلەی خەباتگێڕیی جەماوەرو باوەڕ بکات بە دروستی و سرودبەخشیی قوربانییەکانی و گردبوونەوەی لە دەوری سەرکردە دڵسۆزەکانی.

دووبارە ئاواتە خوازی پێشکەوتن و سەرکەوتنین بۆ پارتییە هاوپەیمانەکەتان و یادی چل ساڵەی دامەزراندن بەهەل دەزانین بۆ سڵاو کردن لە دامەزرێنەری پارتیتان و سەرۆکی گەلەکەمان مستەفا بارزانی .

مەکتەبی سیاسی

١٦/ئاب/١٩٨٦ پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

## پیروزبایی بو

## پارتي سوسیالیستی کوردستان / عیراق

بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی سوسیالیستی
کوردستان ـ عێراق
سڵاوی برایانەی خەبات و شۆڕش و تێکۆشان

بەبۆنەی یادی حەوتەمین ساڵەی دامەزرانی پارتییە هاوپەیمانەکەتان، بەپێخۆشحاڵییەوە گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی لە ئێوەو گشت خەباتگێڕانی پارتیتان دەکەین،ئاواتە خوازین خەباتتان لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کوردو گەلی عێراقدا هەردەم لە پێشکەوتن و گەشەسەندندا بێت .

مایەی بەختەوەری و شانازییە کەپەیوەندی برایانەی نێوان هەردوو پارتیمان بە سەرکەوتوویی بە چەندەها تاقیکردنەوەدا تێپەڕ ـیوە لەم حەوت ساڵە وشک و برینگەی کە پەیوەندییەنیشتمانییەکانی تێکەوتووە . لەم ڕوانگەیەوە بەئاواتی زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی پەیوەندی نێوان هەردوو پارتیەکەمانین کە هاوپەیمانین لە بەرەی نیشتمانی دیموکراسی ( جود) دا لە پێناوی یەکگرتنی گشت پارتییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردوهەموو هێزە نیشتمانییەکانی عێراق :چ دیموکراسی چ نەتەوەیی چ ئیسلامی لەبەرەیەکی پتەودا بۆ ڕوخاندنی دیکتاتۆریەتی سەدامی عەفلەقی فاشی و بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنەپەرستان لە وڵاتەکەماندا و لە پێناوی دامەزراندنی ڕژێمێکی نیشتمانی دا کە مافەنەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد و دیموکراسی بۆ عێراق بهێنێتەدی و عێراق بگێڕێتەوە بۆ ڕیزی ئازادیخوازی عەرەبی و جیهانی .

جارێکی تریش پیروزباییتان لێدەکەین

١٩٨٦/٨/٨

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

## لەیادی پێنجەمساڵەی دامەزراندندا

### بڵاوکراوەکانی پارتیمان لەشارو گوندەکاندا بڵاودەکرێنەوە

شەوی ٢٧/٢٨ تەموزی ئەمساڵ خەباتگێڕانی پارتیمان بەیاننامەو بڵاوکراوەو وێنەی شەهیدان و جۆرەها چاپەمەنی پارتیمان و ئەو پۆستەرانەی بەم بۆنەیەوە دەرچوبوون لە چەندەها شارو گوندی وڵات بڵاوکردەوە ،وەک لە گەراجی موسڵ و بازاری نەبی یونس و شەقامی (الكرامة) و دوڕیانی جەزائیر لەشاری موسڵ و لەشاری دهۆک و ئامێدی و لە ئۆردوگای زۆرەملی شیلادزێ و دێرەلوک و کانی لە ناوچەی ئامێدی، لەگەڵ دەیان گوند، هەروەها لە سەر ڕێگشتی نێوان شیلادزێ و ئامێدی .

بڵاوکراوەکان دەربارەی خەباتی پارتیمان و داواکردنی پەرەدان بوو بە خەبات بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی سەددام و کۆتایی هێنان بەجەنگە ناڕەواکەی .

شایانی باسە کە ماوەیەک لەوەوبەر چەند جارێکی تر بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی پارتیمان لەزۆرجێگادا بڵاوکراوەتەوە .

# هێرشی دڕندانەی تورکیا بۆ سەر کوردستان

جارێکی تریش جەندرمە ڕەگەزپەرستە فاشیەکانی تورکیا وەک دڕندە پەلاماری کوردستان دەدەن، بەجەند بروبیانوویەکی هیچ و پووچ دەیانەوێت ئاواتە گڵاوەکانیان بهێننەدی ، کەیەکێ لە هەرە گرنگترینیان لێدان و سەرکوت کردنیگەلەکەمانە کەلەعێراق خاوەنی شۆڕشێکی چەکدارانەی مەزن و خاوەنی هەزاران کیلۆمەتر زەوی ئازادکراوە. سەرکەوتنەکانی گەلی کورد لە کوردستانیعێراق دڵی ژەنەراڵە تورکەکان دەلەرزێنێ و ژیانیان لێ تاڵ دەکات بیر لەسبەینێی خۆیان دەکەنەوە کە کوردستانی ژوورو زنجیری دیلی دەپسێنێ و وەک بورکانێکی ئاگرین بەڕوویان دا دەتەقێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە دەبینین ئیمڕۆ لە عێراق سەددام لەسەرەمەرگ دایە و هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازو نیشتمانییەکان شان بە شانی یەکتر لەخەباتێکی گەرم و بێ وچاندان بۆئازادکردنی عێراق لەشەوەزەنگی فاشیزمی ودیکتاتۆری و بۆ هێنانەدی ڕژێمێکی دیموکراسی ، کەئەوەش دەبێتە مەترسیەکی گەورە بۆ تورکیای ناتۆ، تورکیایفاشی،تورکیایڕەگەزپەرست و دژبەپێشکەوتن.

بۆیەئەمجارەش هەروەک جارانی تر بەڕێکەوتن لەگەڵ سەددام لە پانزەی ئەم مانگەدا فڕۆکەکانی تورکیا بوردومانی جەند ناوجەیەکی کوردستانیان کرد، جگەلەوەش بەتۆپ تۆپبارانی هەندێ گوندی ناوچەئازادکراوەکانیان کرد و تائیستاش دەیان هەزار کۆماندۆی برجەک سەرانسەری سنوریان تەنیوەو ئامادەن بۆ پەلاماردان وهێرش هێنانەسەر نیشتمانەکەمان لەکاتی پێویستیدا.

—ه— —ه— —ه—

**بە یاننامە ی پارتییە کوردستانییە کان**

**دە ربارە ی دە ستدرێژییە کە ی تورکیا**

# بۆڕای گشتی جیهانی

مەسەلەی کوردستان یەکێکە لەمەسەلە هەرەگرنگ وداگیرساوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستکە چاوەڕوانی چارەسەرکردنە. هێرشی ئەم دواییەی فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیا بۆسەرکوردستانی عێراق ، جارێکی تریش دیسان سەرنجی جیهانی بۆلای ئەم مەسەلە یە ڕاکیشا.

چەند ساڵێکە دەست درێژی کردن بەردەوامە بۆسەر وڵاتەکەمان ، کە ئەم دەستدرێژیانەش بە ڕێکەوتنی تەواوی نێوان ڕژێمی فاشیزمی و کۆلۆنیالی تورکیا و ڕژێمی دیکتاتۆری خوێنڕێژی سەددام ئەنجام دەدرێ .

وەک ئاشکرایە ساڵی ١٩٨٣ هەردوو حکومەتی دیکتاتوری تورکیا و عێراق ڕێکەوتننامەیان مۆرکرد، بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە ڕژێمی فاشیستی تورکیای کۆلۆنیالی ( ماف )ی هێرش هێنانە سەر کوردستانی هەیە .

«««

لەلایەکی تریشەوە حکومەتی تورکیا بەو زوڵم و زۆرداری و دەستدرێژی کردنە دڕندانەیەی دەیکاتە سەرگەلەکەمان لەگەورەترین پارچەی کوردستان دا تینوێتی ناشکێ، بەڵکو هێرشی دڕندانە دەکاتە سەر پارچەکانی تری نیشتمانەکەمان.

دوا بەدوای دوژمنکارییەکانی ساڵانی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ ئەو دوژمنکارییەی لەشکری تورکیا لە ١٥/ئاب/ ١٩٨٦ دا کردیە سەر کوردستانی عێراق کەبووە هۆی کوشتنی دەیان بێ تاوان، ڕوداوێکی ئاسایی نیەو مەسەلەیەک نیە هەروا تێپەربێ.

ئەم دوژمنکارییەی دەوڵەتی تورکیای کۆلۆنیالی، پۆلیسی ئیمپریالیزم لەناوچەکەدا بەڕێکەوتنی تەواو لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی سەددام ، کارێکی نامرۆڤانەیە و دژ بە گشت نەریت و یاسایەکە .

ئەمانە ئێستا خۆیان ئامادەدەکەن بۆ هێرش و دەست درێژی تر ، بەنیازی کوژاندنەوەی بڵێسەی خەباتی نەتەوایەتی ئازادیخوازی لەنیشتمانەکەماندا ، کەڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر گڕو کڵپە دەسێنێ.

دەیانەوێ گەلەکەمان قەڵاچۆ بکەن . بەپێی دوا زانیاری ، لەشکری تورکیا ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی خۆی هێناوەتە سەر سنوری عێراق و لەوێ مۆڵیون و ئامادەی هێرشن .

ڕیسوا کردن و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە دوژمنکارییەکەی پانزەی ئاب و ئەو دوژمنکاریيانەی لە داهاتوودا ڕوودەدەن و تاوانبارکردنی کۆماری تورکیا ئەرکی سەرشانی گشت دیموکراسی خوازەکان و بەرگریکەرانە لە مافی مرۆڤ .

ئێمە، پارت و ڕێکخراوەکوردستانییەکان ، کەئەم بەیاننامەیەمان ئیمزا کردووە، ئەو دوژمنکارییەی تورکیا ئەنجامی دا بەهاریکاریی کردن و ڕێکەوتن لەگەڵ سەددامی دیکتاتور دژی کوردستان ڕیسوا و تاوانبار دەکەین .

هەروەها ئێمە ، بەناوی گەلی کوردیشەوە ، زۆر سوپاسی سەرۆکی خەباتگێڕ موعەممەر قەزافی دەکەین بۆ تاوانبارکردنی دەستدرێژییەکەی تورکیا .

ڕوودەکەینە گشت جیهان و داوای تاوانبارکردنی ئەم دەستدرێژییە دڕندانەیەدەکەین ، داوای پشتگیری و هاریکاری کردنی گەلەکەمان دەکەین .

هیچ هێزێک نیە بتوانێ ڕەوتی خەباتی گەلەکەمان ڕاگرێ کە ڕۆژ دوای ڕۆژ گەشەدەکات و بەهێز ترو پتەوتر دەبێت .

١٩٨٦/٨/٢٧

- پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان
- پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق
- ئاڵای شۆڕش- کوردستانی عێراق
- پارتی پێشەنگی کارکەرانی کوردستان
- ئاڵای ڕزگاری
- یەکێتی سۆسیالیستی کوردستان
- تەڤگەری سۆسیالیستی کوردستان
- بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان ( کوکسی )

## دەقی ئەو بروسکەیەی

## خەباتگێڕ موعەممەر قەزافی ناردویەتی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی تورکیا



ئەو کارەی هێزە هەواییەکانی تورکیا لە ناو خاکی عێراق دا کردی بۆ کوشتن و راونانی کورد، بەلای ئێمەوە کارێکی ناپەسەندەو سەر تاپای گەلانی جیهان رەفزی دەکەن چونکە بریتییە لە جورێک لە جۆرەکانی قەلاچۆکردن. ئەم کارە بوتە هوی روخاندن و ویرانکردنی گوندی کوردان و کوشتنی ئافرەت و منالەکانیان کە لەکردەوەی زایۆنی و رژێمی رەگەز پەرستی خواروی ئەفریقا دەچێ کە ئەوانیش کار دەکەن بۆ قەلاچۆ کردنی گەلی عەرەب و گەلی ئەفریقا.

کوردەکان ئەندامن لە سەرکردایەتی نەتەوایەتی هێزە شۆڕشگێڕەکان دا، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە دەبێ رێزی ئەم میللەتە بگیرێت و مافی خۆی هەیە بۆ بەکگرتن و سەربەخۆیی، ئەم میللەتە برای میللەتی تورک و میللەتی عەرەب و میللەتی ئێرانییەو نکوڵی کردنمان لە مافی نەتەوەیی ئەم میللەتە دەبێتە مایەی لەدەست دانی مافی بەرگری کردن لە میللەتەکەمان و نکوڵی کردن لە ئازادی ئەم میللەتە دەبێتە مایەی لەدەست دانی مافی بەرگری کردن لە ئازادی میللەتەکەمان. من بەو کارە زۆر دڵتەنگ بووم کە تکام وایە دووبارە نەبێتەوە، گەر تاوانی ئاسایی هەبێ کە لەلایەن کەسانی ئاساییەوە ئەنجام درابن، مەعقول نیە بەم شێوەیە وەڵام بدرێتەوە، بەداخەوە کە حکومەتی تورکیا گیرۆدەی داوی پیلانێک بێ کە حکومەتی عێراق دایناوە بۆ لێدانی برا کوردەکانمان کە ئەوەش بریتییە لە دەست تێکەڵاوکردنێکی پڕ شەرم و شورەیی بێوێنەیە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

---

## بەیاننامەی «جود»

## دەربارەی دەستدرێژییەکەی تورکیا

فرۆکەکانی تورکیا رۆژی ١٥/ئاب/١٩٨٦ چەند جارێک بوردومانی خاکی عێراقی کردووە لە ناوچەکانی سەر سنور لە کوردستانی عێراق و بومبابارانی گوندەکانی کوردستانی کرد لەو ناوچانەدا کە ئازاد کراون لە دەسەڵاتی رژێمی دیکتاتۆری بەغداد. بەبیانوی ئەوەی چەند کۆمەڵە کوردێکی کوردستانی تورکیا لە خاکی عێراقەوە چونەتە ناو تورکیا بۆسەیان داناوە بۆ هێزەکانی تورکیا.

دەسەڵاتداریی تورکیا بە ئاشکرا بڵاوی کردەوە کە بەرەزامەندی و هاریکاری کردنی حکومەتی عێراق و بەپێی پەیمانێکی مۆرکراو لەنێوان ئەم دوو رژێمە دیکتاتۆرییە شۆڤێنییەدا ئەم دەستدرێژی کردنە ئاسمانییە ئەنجام دراوە.

(جود) بەتوندی ئەم دەستدرێژییە تاوانبار دەکات کە کراوەتە سەر سەربەستی نیشتمانیی وڵاتەکەمان و سەرلەنوێ هەڵوێستی خیانەتکارانەی رژێمی عێراق تاوانبار دەکات کە جاران و دووبارە ئێستاش سەربەخۆیی نیشتمانیی و پیرۆزی زەوی و ئاسمانی عێراقی

پێشێل کردوەو فرۆکی داوەتە ژێر پۆستاڵی جەندرمە تورکە فاشیستییەکان .

بەلای ( جود)ەوە ئەم دەستدرێژییە مەترسی دارە بۆ سەر خەباتی گەلی عێراق بەهەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردو کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانیەوە کە خەبات دەکەن لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد و داوا دەکات لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رای گشتی عەرەبی و جیهانی و رێکخراوە سیاسی و نیقابی و کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە یاسایی و مرۆڤایەتییەکان بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی دەستدرێژی کوێرانەی تورکیا و رێگا نەدانبە دووبارە کردنەوەی و هەروەها داوایان لێ دەکەین بۆ تاوانبارکردنی هەڵوێستی خیانەتکارانەی رژێمی عێراق. ١٧/ئاب / ١٩٨٦

## سوپاسنامەی پارتییە کوردستانییەکان

## بۆ خەباتگێڕ موعەممەر قەزافی

برای تێکۆشەر موعەممەر قەزافی

سەرکردەی شۆڕشی ( الفاتح )ی مەزن

سڵاوی شۆڕش و تێکۆشان

هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو ئازای ئێوە بەرامبەر بەمافی میللەتی کورد گیانی بەرگری و خۆڕاگریمان پتەو تر دەکات .

بەناوی جەماوەری بێدەرەتانی گەلی کوردو بەناوی پارت و ڕێکخراوەکانمان زۆر سوپاستان دەکەین .

بۆتان دووپات دەکەینەوە کە دڵسۆزدەبین بۆ ئاواتەکانی گەلەکەمان ، بەگیانێکی گەرمی شۆڕشگێڕییەوە بەردەوام دەبین لە تێکۆشاندا تاهێنانەدی ئامانجەکانمان.

دەستدرێژییەکەی تورکیا کە لە پانزەی ئابی ئەمساڵ دا بەدەست تێکەڵاوکردنی تەواو لەگەڵ فەرمانڕەواکانی بەغداد کردیە سەر میللەتەکەمان لە کوردستانی عێراق، جارێکی تریش دەیسەلمێنێ کە ئەم دوو ڕژێمە بەکرێ گیراوە سوورن لەسەر قەلاچۆکردنی گەلی کورد .

بەناوی گەلە بێدەرەتانەکەمان و بەناوی جەماوەرە ڕەنجدەرەکەیەوە سڵاوتان لێ دەکەین.

هەربژین ئەی سەرۆک وەک ڕەمز و بەرگری کەر لە کێشەکانی ئازادیخوازی و پێشکەوتن لە جیهاندا .

١٩٨٦/٨/٢٧

- ئاڵای ڕزگاری
- یەکێتی سوسیالیستی کوردستان
- پارتی پێشەنگی کارکەرانی کوردستان
- ئاڵای شۆڕش
- تەفگەری سوسیالیستی کوردستان
- بزوتنەوەی ئازادیخوازیکوردستان(کوکسی)
- پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق
- پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

## بروسکەی « جود »

## بۆ خەباتگێڕ موعەممەر قەزافی

برای خەباتگێڕ موعەممەر قەزافی

سەرکردەی شۆڕشی ( الفاتح)ی مەزن

سڵاوێکی خەباتگێڕانە

بەناوی بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراق ( جود) ڕێزێکی زۆرمان هەیە بۆئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕیی و مرۆڤایەتییە جەسورەی ئێوە بۆ ڕیسواکردن و تاوانبارکردنی هێرشی ناڕەوای تورکیا بۆسەر زەوییە ئازادکراوەکانی عێراق لە کوردستان

دەست درێژی کردنی ئاشکرای تورکیا بە دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ ڕژێمی عێراق ،ئەو

ڕژێمەی سەربەخۆیی نیشتمانی عێراقی نازەنە ژێرپێ، بەشێکی تەواوکەری پیلانەکانی ئیمپریالیزمە لەناوچەکەماندا کەدەستدرێژی ناتۆوئەمریکا بۆسەر گەلی لیبیای تێکۆشەر لوتکەی ئەو پیلانانەبوو.

بۆتان دووپات دەکەینەوە کەهێزەکانی (جود) و گەلی عێراق بە عەرەب و کوردو کەمایەتییەکانیەوە بەگشت ڕێگایەک ڕوو بە ڕووی ئەو دەستدرێژییە ڕادەوەستن و ڕێگا نادەن جەندرمەکانی تورکیا خاکی پیرۆزی عێراق پیس بکەن.

هەڵوێستی مەبدەئی ئێوە بەرامبەر سەر تاپای کێشە ئازادیخوازییەکان لە ناوچەکەمان و بەرگری کردنتان لە گەلی عێراق بە تایبەتی لە گەلی کورد چاکترین پشتگیرییە بۆ ئێمە لەخەباتکردنماندا لە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی بەغداد..

بەناوی گەلی عێراق و بەرەنیشتمانیەکەمان سوپاستان دەکەین و سڵاوتان لێ دەکەینو پشتگیریی تەواوی خۆمان دووبارە دەکەینەوە لەگەڵ گەلی مەزنی جەماوەریی لیبیا بە سەرکردایەتی لێهاتووانەی ئێوە.

بەرەی نیشتمانی دیموکراسی
- جود - لیژنەی دەرەوە

دیمەشق
١٩٨٦/٨/٢٠

# خۆپیشاندانێکی مەزن لە ستۆکهۆڵم

ڕۆژی٨/٢٢ لەستۆکهۆڵم پایتەختی سوید، لە لایەن ڕۆڵەکانی گەلەکەمانو بەهاوبەشی کردن لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلانی دراوسێی کوردوژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سوید، خۆپیشاندانێکیمەزن سازکرابوو دژی دەستدرێژییەکەی ڕژێمیتورکیا بۆسەر کوردستان.

لەخۆپیشاندانەکەدا نزیکەی (١٠٠٠) کەس بەشداربوون کە هەندێکیان لەشاری(ئۆپسالا)وە، کەحەفتاکیلومەتر دوری ستوکهولمە،بەپێ چوو بوون.

فیدراسیۆنی کوردستان لەگەڵ لیژنەی جود لەستۆکهۆڵم خۆپیشاندانەکەیان سازکردبوو کە زۆربەی زۆری ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکانی کوردستان تیایدا بەشداریان کردبوو.

سەرەتا خۆپیشاندانەکە ڕووی کردە هەردوو باڵوێزخانەی ڕژێمە شۆڤێنییەکانی تورکیا و عێراق ودروشمی دژبەودووڕژێمەیان بەرزکردەوە و بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد بۆگۆڕکردنیان.

شایانی باسە کە ئەمەیەکەم خۆپیشاندانی کوردە بەشێوەیەکی وا فراوان و ڕێک و پێک ئەنجام بدرێت و زۆربەی زۆری ڕێکخراوەکانی کوردستان پێکەوە تیایدا بەشداری بکەن.

لیژنەی جود و فیدراسیون و خۆپیشاندانەکە هەریەکە لەلای خۆیانەوە بەیاننامەیان دەرکرد و تیایدا ڕژێمی تورکیاو عێراق ڕیسواوتاوان بارکرا.

# سەرئەنجامی ئابووری

# جەنگی عێراق و ئێران

بەم ناونیشانەی سەرەوە، دکتۆر عەباس نەسراوی ماموستای کۆلیژی ئابووری لە زانکۆی فرمۆنت، بەزمانی ئینگلیزی لێکۆڵینەوەیەکی نوسیوە کە لەیەک کات دا گۆڤاری
بە ئینگلیزی و گۆڤاری ( المستقبل العربی )ژمارە (٨٩) ١٩٨٦/٧ بەعەرەبی.
بلاویان کردۆتەوە . Third World Quarterly (August 1986)

لێرەدا پوختەی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەخەینە بەرچاوی خوێنەران،بەتایبەتی ئەو بەشەی کە پەیوەندی هەیە بە ئابووری هەرەس هێناوی عێراق بەهۆی کاریگەرێتی ئەو جەنگە وێرانکارییەی دیکتاتوری عێراق، سەرشێتانە بەرپای کرد، بۆ بەرژەوەندی وڵاتە ئیمپریالیزمیەکان و عەرەبە کۆنەپەرستەکان و بەنیازی مانەوەی لەسەر حوکمی عێراق گەرچی لەسەر لاشە و زامی سەرتاپای عێراقییەکانیش بێت..

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

جەنگی عێراق و ئێران کە نزیکەی شەش ساڵە بەردەوامە، وەک یەکێ لە جەنگە هەرە گەورەکانی ئەم سەدەیە دەچێتە مێژووەوە، بە پێی هەندێک بۆچوون پێنج ساڵی یەکەمی جەنگە نزیکەی یەک ملیۆن کەسی تێدا کوژرابێ، بەڵام نرخی ئابوری جەنگ کە دەشێ لە (٥٠٠) پێنج سەد ملیار دۆلار تێپەربوبێ، ئەمیش خۆی لەخۆی دا سەرسورهێنەرە گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئابووری ئەم دوو وڵاتەدا.

### یەکەم: باری ئابوری عێراق پێش جەنگ.

لەساڵانی دوای خۆماڵی کردنی نەوت لە ١٩٧٢ و دوای بەخێرایی بەرز بوونەوەی نەوت لە ١٩٧٣ دا عێراق خەریک بوو بە گەشەکردن بە دامەزراوە ژێرخانییەکان، وەک کەرتی نەوت و کەرتەکانی بەرهەمهێنانی شمەکە هەروەها خەریک بوو بە نوێ کردنەوەی هێزی سەربازی..
لەساڵی ١٩٧٩ دا عێراق لەبەرهەمهێنانی نەوتدا شوێنی ئێرانی گرتەوەو دوای سعودیە بوو بە دووەم وڵاتی نەوت فرۆش لەناو (ئۆپێک) دا.

بەلام شۆرشی ئێران، عێراقی ناچار کرد کە چاوبخشێنێتەوە بە رادەی خەرجی گشتی و دووبارە رێکخستنەوەی لیستەی پێویستییەکان بەپێی گرنگییان. دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ گەیشتە ئەوبروایەی کە بەیەکداچوونێک لەگەڵ ئێران هەر روودەداتە میری ناچار بوو بۆ زیادکردنی بودجەی خەرجی بۆ پێداویستییەکانی بەرگری و ئەمنی.

کە میری لەساڵی ١٩٨٠ دا هەر بەردەوام بوو لەسەر زیادکردنی بودجەی خەرجکردن بۆ بەرگری، بریارێکی سەرەکی تری دا بۆ زیادکردنی خەرجی بۆ گەشەکردن ( التنمیة ) و بەیەلە زیادکردنی هێنانی شمەکی ئیستهلاکی. بەم چەشنە شمەک کرینی عێراق لەدەرەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٨١ دا لە ٤/٢ ملیار دۆلارەوە بەرزبۆوە بۆ ٢٠/٥ ملیار دۆلارواتە ٤٠٠٪ سەدی چوارسەد زیادی کرد.

رێژەی سەدی شمەکە نا سەربازییەکان لەکۆی شمەک هێنانە ناوەوە ( استیراد السلع ) بەرز

بۆوە بۆ شەست و دوو لە سەد . لەم ماوەیەدا ١٩٧٨-١٩٨١ ئەمە بوو بە نیشانەی ئەوەی کەئەم



زیاد بوونە نائاساییەی هێنانەناوەوەی شمەکی ناسەربازی بریتی یە لە سیاسەتێکی نەخشە بۆ کێشراو بەمەبەستی سووک کردنی باری گرانی جەنگ لەسەر ئاستی بژێوی بە هۆی زۆری بوونی شمەکی ئیستهلاکی. واتە عێراق سیاسەتی هەنگوین و ژەهر (المدفع و الزبدة)ی بەکار دەهێنا . بەڵام نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر ئەم سیاسەتە بڕوات ، لەساڵی ١٩٨١ دا لەژێر زەبری جەنگدا ناچار بوو چاو بەم سیاسەتەشدا بخشێنێتەوە .

**دووەم: جەنگ و کاریگەرێتی بۆسەر ئابووری**

لەڕووی زیانی گیانییەوە ئەم جەنگە جیاواز نییە لەجەنگەکانی تری جیهان، جگەلەوەش تێچوونی (تکالیف)ی ئابووریش هەیە کەلەم شتانەدا خۆ دەنوێنێ : بەرت و بڵاوبوونی باشەکەوت و تێک چوونی باری ژێرخان و هەڵاوسانی ناوخۆیی و نرخی هەڵاوساوی ئەوشمەکانەی لەدەرەوەدەهێنرێ و نزم بوونەوەی ڕادەی بەرهەمهێنان لەبەر دوورخستنەوەی هێزی کارکەر (القوة العاملة ) لە کەرتی مەدەنی بۆ بەرژەوەندی کەرتی سەربازی و نزم بوونەوەی داهاتی نەوت و هەرەسهێنانی گشتی ئابووری بەهۆی جەنگ ، لێرەدا بە چڕی باسی زیانە ئابوورییەکان دەکەین لە قۆناخەکانی سەرەتادا . پاشئەوەش دێینە سەر شیکردنەوەی کاریگەرێتی جەنگ .

**١- نەوت / یەکەمین زیانی ئابووری**

یەکێ لە هەرە دیارترین زیانە ئابوورییەکانی سەرەتای جەنگ ، تێکدانی گرنگترین و پێویستترین کەرتەکانی ئابووری بوو، واتە: کەرتی نەوت ... بەرهەمی نەوتی عێراقکە ٣/٤ ملیۆن بەرمیل نەوت بوو لە ڕۆژێکدا لەئابی ١٩٨٠دا ، لەتشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بوو بە نزیکەی ١٤٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. لەدەستدانی توانای نەوتناردنە دەرەوە لە گەورەترین زیانە ئابوورییەکانی جەنگ بوو ، لەم بارەیەوە ئەوەندە بەسە کە بڵێین داهاتی نەوتی عێراق لەساڵی ١٩٨٠ دا گەیشتبووە ٢٦/١ ملیار دۆلار کە بریتی بوو لە ٦٦٪ کۆی بەرهەمی نەتەوەیی (الناتج القومي) و ئەوەش بزانین کە فرۆشتنی نەوت تاکە سەرچاوەیە بۆ بەدەستهێنانی دراوی بیانی (العملة الاجنبية ) بەم جۆرە نزم بوونەوەی داهاتی نەوت ، بەهۆی جەنگەوە بەشێوەیەکی قووڵ شوێن پەنجەی خۆی جێهێشت لەسەر سەرتاپای ئابووری. لەبەرئەوە داهاتی نەوتی عێراق لەساڵی ١٩٨١ دا کە نزم بۆوە و گەیشتە ١٠/٤ ملیار دۆلار بۆوە هۆی دابەزینی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی بە ڕادەی ٢٤٪.

سەرەڕای زیانی ڕاستەوخۆی داهاتی نەوت ، تێچوونی ئابووری تریش هەیە کە بەهۆی جەنگەوە نەتوانراوە دەستبەجێ جێیان پڕ بکرێتەوە ، وەک گۆڕینی ڕێگای شمەک هێنانە ناوەوە (استيراد السلع) بۆ هەندێ ڕێگای گرانتر ، بۆ نموونە عێراق، لەبەر داخستنی بەندەرەکان ، ناچاربوو پەنابباتە بەر ڕێگای وشکانی (زەمینی) کە عێراق دەبەستێت بە کوێت و ئەردەن و تورکیاوە. ئەم ڕێگا گۆڕکێیەش بووە هۆی گرانبوونی دوا نرخی شمەکە بیانییەکان، لەبەر گرانی شمەک گواستنەوە بەم ڕێگایانەدا . کاریگەرییەکی تری جەنگیش هەیە کە بریتی یە لە بەخێرایی

نزم بوونەوەی دراوی بیانی ئیحتیات ،ئەمەش بووە هۆی ناچار کردنی ئەم دووولاتە، بەتایبە-تی عێراق بۆ پەنابردنە بەر قەرزکردن لە دەرەوە .

## ٢- جەنگ و ئابووری عێراق

کەجەنگ هەڵگیرسا ، عێراق زروفێکی لەباری هەبوو بۆ زیادکردنی خەرجی بەرگری کردن و خەرجی گەشەکردن و فراوانکردنی هێنانەناوە-وەی شمەکی ناسەربازی . هەروەها ئەو ئیحتیاتە گرنگەی دراوی بیانی لەسەرەتای جەنگدا لەگەڵ لێشاوی یارمەتی دان بەنەخت لەلایەن وڵاتەعەرەبیەکانی ترەوە، بەتایبەتی سعودییەو کوێت، ئەو توانایەیان بە عێراق بەخشی کە بتوانێ سیاسەتی هەنگوین و ژەهر ( المدفع و الزبدة ) بەکاربهێنێ .

لەبارەی ئەم سیاسەتەوە دەبێ بزانین کە نرخی ئەوپرۆژانەی عێراق مۆری کردووە لەگەڵ کومپانییەکان دا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨١ بەرێژەی ٦٤٪ بەرز بوبۆوە، واتە لە ١٤/٨ ملیار دۆلار بۆ ٢٤/٨ ملیار دۆلار .

.. لەگەڵ بەردەوام بوونی جەنگدا ،ئابوری توانای ئەوەی نەما کە خۆی بپارێزێ لە کاریگەرێتی هەڵچووی هەڵاوسان ، یانکاریگەریی زیاد بوونی نرخی شمەک هێنانەناوەوە،یان کەم بوونەوەی ئیحتیاتی دراوی بیانی. یان کۆچ کردنی کرێکارانی بیانی و جێهێشتنی مەڵبەندە سەرەکییەکانی پیشەسازی . ئەم کاریگەریتیانە دوو هێندە زیاتر بوون لە ئەنجامی بەبەردەوام بردنی کەرتە سەرەکیەکا-نی هێزی کارکەر بۆ سەربازی و زیاد بوونی ژمارەی هێزە چەکدارەکان لە ١٤٠ هەزار کەس ساڵی ١٩٧٨ بۆ ٤٥٠ هەزار کەس ساڵی ١٩٨٢، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ و١٩٨٢ دا هێزی کارکەری ئاسایی ١٣٪ زیادی کرد بەڵام هێزەچەکدارەکان نزیکەی ٢٢١٪ زیادیان کرد . جگەلەوەش کە لەگەڵ زیادبوونی ئەم هێزانەدا ژمارەی ئەو کریکارانەش زیادیان کرد کە بۆ خزمەتگوزاری ئەمان بەکاردێن . بۆ پڕکردنەوەی کەم وکوڕی لەژمارەی کرێکاران دا عێراق پشتی بەست بە زیاد بوونی ژمارەی ئافرەتانی کارکەر و هێنانی کرێکاران لە دەرەوەی وڵات ، بە تایبەتی لە میسر ... کاریگەریتی تریش هەیە بۆسەر ئابووری لەلایەن جەنگەوە وەک نزم بوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی . دەتوانین تێبینی ئەمە بکەین لە نزم بوونەوەی بەرهەمی ساڵانەی گەنم کە لە ١٩٧٤-١٩٧٦ بە تێکڕایی ساڵی ١/٨ ملیۆن تەن بوو، بەڵام لە ١٩٨٢ بوو بە ٩٦٥ هەزار تەن و لە ١٩٨٤ بوو بە ٣٠٠ هەزار تەن ... عێراق ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی ڕاگرێ لەبەرامبەر ڕادەی بەرزی خەرجی سەربازی و مەدەنی دا .

ساڵی ١٩٨٢ ساڵی گۆڕانی سەرەکی بوو، کە کۆری جەنگ گوێزرایەوە بۆ سەر خاکی عێراق، دیسان ساڵی ١٩٨٢ ئەو ساڵەیە کە سوریا بڕیاری دا بۆری نەوتی عێراقدابخات کە بە سوریادا تێبەڕ دەبوو، ئەمەش بووە هۆی زیانی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا کە ساڵی بایی پێنج ملیار دۆلارە. لەئەنجامی ئەم کارەدا عێراق تەنیا ڕێگای تورکیای بۆمایەوە کە نەوتی پیا بنێرێتە دەرەوە، کەرۆژی ٧٥٠ هەزار بەرمیلی پیادەڕوات . ئەم گۆڕانانە عێراقی ناچارکرد بۆ چوونە ناو بارێکی نوێ ی



ئابورییەوە . لەگەڵ بەردەوام بوونی جەنگ دا دوای ئەوانەش ، عێراق جارێکی تریش ناچار بوو بۆ کەمکردنەوەی خەرجی گەشەکردن، کە پەیوەندی بەبەرگری کردنەوە نیە ...

عێراق لەساڵی ١٩٨٢ دا بڕیاری دا کە پلانی توند تر بگرێتە بەر لەبواری ئابووری دا ،کە یەکێک لەم گۆڕانە هەرە ئاشکرایانەی سیاسەتی ئابووری ئەو بڕیارەی حکومەت بوو سەبارەت بە بەتوندی پشت بەستن بە کەرتی تایبەت بۆ پتەوکردنی بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی، لە ڕێگای هاندان و قەرزپێ دانەوە. لە پێناوی بەهێزکردنی باری لاوازیدراوی بیانیش دا عێراق بەپێویستی زانی کە بچێتە ناو بازاڕی نەختی جیهانییەوە بۆ قەرز داواکردن. هەروەها پێویست بوو لەسەر عێراقکە جارێکی تریش داوای پاش خستنی دانەوەی قەرزە بیانییەکان بکات و نەوت بەکاربهێنێ بۆ ئاڵوگۆڕکردن لەکاروباری بازرگانێتی شمەک هێنانە ناوەوە، لەگەڵ شکاندنی نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلار و قەرزکردنی زیاتر لەولاتانی کەنداو کەساڵی ١٩٨٢ گەیشتبوە (٣٥) ملیار دۆلار . هەروەها عێراق بڕیاری ئەوەشی دا کەیارمەتی ولاتانی تری جیهانی سێهەم رابگرێت و چوون بۆ دەرەوەش لە عێراقییەکان قەدەغە بکات و شمەک هێنانە ناوەوە زۆر کەم بکاتەوەو تەنیا شمەکی ئیستهلاکی هەرەگرنگ و هەرە پێویست لەدەرەوە بکڕێت .

لەسەرەتای ١٩٨٢ دا عێراقناچار بوو شمەک هێنانە ناوەوەی کەم بکاتەوە بۆ ١١/٧ ملیار دۆلار لەبەرامبەر ٢٠/٥ ملیار دۆلاری ساڵی ١٩٨١ .. لە کاتێکدا کە کۆی هێنانەناوەوە بە رادەی ٤٣٪ نزم بۆوە، شمەک هێنانە ناوەوەی سەربازیش ٣٨٪ زیادی کرد . واتە لە ٣/٧ ملیار دۆلار بۆ ٥/١ ملیار دولار ، لەبەرامبەر ئەوەشدا شمەک هێنانە ناوەوەی سەربازی لە ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٨٣ لە ١٦/٨ ملیار دۆلارەوە نزم بۆوە بۆ ٦/٦ ملیار دۆلار واتە ٦١٪ .

## ٣- جەنگ و ئابووری ئێران

ئابووری ئێران توانای خۆ ڕاگرتنی زیاتر بوو لەوەی چاوەڕێ دەکرا ، یەکێ لە هۆیەکانی ئەم خۆڕاگرتنەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئێران بۆ زیادکردنی بەرهەم هێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت لەماوەیەکی زۆر کورت دا . لەو کاتەدا کە داهاتی نەوت لە ١٣/٥ ملیار دۆلار لەساڵی ١٩٨٠ دا نزم بۆوە تالەساڵی ١٩٨١ دا گەیشتە ٩/٣ ملیار دۆلار ، ئەوا زیادبوونێکی کتوپڕی بە خۆیەوە بینی و لە ساڵی ١٩٨٢ بوو ١٥/٩ ملیار دۆلار و لە ١٩٨٣ دا بوو بە ١٨/٧ ملیار دۆلار . بەپێچەوانەی عێراق کە لە ٢٦/١ ملیار دۆلاری ساڵی(١٩٨٠)ەوە داهاتی نەوت هاتە خوارەوە بۆ ١٠/٤ ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٨١ و دیسانەوە لە ١٩٨٢ دا نزمبۆوە بۆ ٩/٧ ملیار دۆلار و لە ١٩٨٣ دا گەیشتە ٨/٦ ملیار دۆلار .

## ٤- ئەم جەنگە چەندی تێچووە

هیچ لێکۆڵینەوەیەک ناتوانێ بە تەواوی و بە ووردی حسابی تێچوونی ( کلفة )ی جەنگ بکات . هەندێ لە لایەنەکانی سەرفکردن ئاشکران و هەندێکی تریان دەبێ بە تەخمین حساب بکرێ . جگەلەوەشکە پارەیەکی زۆر دەبێتە سەرباری ئەم تێچوونە چونکە تەرخان دەکرێ بۆ قۆناخی دوای جەنگ ، بۆ ئەوکاتەی ئەم دوو ولاتە دەیانەوێ سەرلەنوێ ئابووری خۆیان بنیات بنێنەوەو قەرزەکانی سەردەمی جەنگیش بدەنەوە کە لەگەڵ سوود (الفائدة) دا دووهێندەیان لێهاتووە. تارادەیەک بەتەخمین تێچوونی جەنگ دیاری کراوە لەماوەی نێوان سەرەتای جەنگ تا ساڵی ١٩٨٥. بەڵام بەر لەباس کردنی ، چاکتر وایە ئەم چەند تێبینییە گشتییە تۆمار بکەین کە پەیوەندیان هەیە بە ئەرک و کاروباری بەرگرییەوە .

ئەلف : ئەرک و پێداویستی بەرگری:-

عێراق و ئێران بە شێوەیەکی ئاسایی

ڕادەیەکی بەرزی داهاتی نەتەوەیی خۆیان تەرخان دەکرد بۆ خەرجی عەسکەری ، هەر بۆ نمونە لە نێوان سالانی ١٩٦٨ – ١٩٧٢ عێراق ٢١% تا ٢٧% ی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی دادەنا بۆ خەرجی عەسکەری . هەروەها خەرجیعەسکەری ئێرانیشلەهەمان ماوەدا لەنێوان ١٣%و١٥% ی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی ئێران دا بوو...

بەخێرایی بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣ دا توانای بەخشی بە ولاتانی نەوتبەرهەم هێنەر کە خەرجی کەرتی گشتی زیاد بکەن ، کە خەرجی عەسکەریشدەگرێتەوە . سەبارەتبە عێراق ، خەرجی عەسکەری بەبێ ڕاوەستان ڕووی لە بەرز بوونەوە بوو، لە ١٩٧٢ دا کە ٨ ملیار دۆلاری بۆ تەرخان کرا . لە ١٩٧٩ دا پتر لە (٥) پێنج ملیاردۆلاری بۆ زیاد کرا و لە ١٩٨٣ دا ١٢/٥ ملیار دۆلاری بۆ زیاد کرا. بەبەراورد کردن لەگەڵ کۆی بەرهەمی نەتەوەیی دا خەرجی عەسکەری عێراق ساڵی ١٩٧٩ بریتی بوو لە ١٤/٢٪ لەساڵی١٩٨٢ بوو بە ٤٠/٦٪ بەلام گەر خەرجی عەسکەری بەراورد بکەین لەگەڵ بەرهەمی نەتەوەیی بەبێ حسابکردنی بەرهەم و داهاتی نەوتئەو کاتە باری سەرشانیان زۆر گرانتر دەبێ، بەم پێیە تێکڕای خەرجی عەسکەری بریتی دەبێ لە ٢٥/٨% لەساڵی ١٩٧٢ و ٦٣/٣ لەساڵی ١٩٨٠ دا .

نیشانەیەکی تریشهەیە بۆ دیاریکردنی ئەرکی بەرگری کە بریتی یە لە مەرنی قەبارەی چەککڕین بەبەراورد کردن لەگەڵ قەبارەی سەرجەمی شمەکهێنانە ناوەوە، سەبارەتبە عێراق کڕینی چەکلە سالانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٩ لە نێوان ١٦/٦٪ و ٣٨/١ ی سەرجەمی شمەک هێنانە ناوەوەی عێراقی بوو لەو ماوەیەدا ، بەلام لە ١٩٨٠ دا بوو بە ١٣/٨ لە ١٩٨١ بوو بە ١٨% لە ١٩٨٢ دا بوو بە ١٩/٩% لە١٩٨٣ دا بوو بە ٤٣/٦٪ .

نیشانەی سێیەم بۆ دیاریکردنی ئەرکی بەرگری، بریتی یە لە قەبارەی هێزەکانی چەکدار بەبەراورد کردن لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان . وەکالەتی ئەمریکا بۆ سنور دانان بۆ خۆ پڕچەککردن و چەک داماڵین ڕایگەیاندووە کە ساڵی ١٩٧٨ لە ئێران و عێراق دا لە هەر سەد کەس ١١ یانزە کەس لەناو سوپادا بووە . لەساڵی ١٩٨٣ دا ئەم ڕێژەیە لە عێراق دا زیاد بووە تا گەیشتە ٣٥/٥% ، بەلام لە ئێران هەروەک خۆی مایەوە. شایانی باسیشە کە هێزەکانی چەکدار ،ڕەنگە هەموو ئەو هێزە نیمچە سەربازییانەنەگرێتەوە - کە هاوبەشی دەکەن لە کاری جەنگ دا .

بێ : <u>شێوەی حسابکردنی تێچوونی جەنگ</u>

بەپێی بۆچوون عێراق ٩٤ ملیار دۆلاریسەرف کردووە بۆ جەنگ لە سالانی نێوان ١٩٨٠ –١٩٨٥ و تێچوونی سالانەی جەنگ بە شێوەیەکی تێکڕایی دادەنرێ بە ١٥/٧ ملیار دۆلار. ئەم ژمارەیە ئەو دامەزراوانە ناگرێتەوە کەبەهۆی جەنگەوە وێران بوون و هەروەها ئەو زیانەش ناگرێتەوە کە دوچاری داهاتیان بەرهەم- هێنانی نەوتبووە ، ئەم ژمارەیە ١٥/٧ملیار دۆلار ، تا ڕادەیەکبەرز ترە لەوژمارەیەی لەگۆڤاری ( *(Quarterly Economic Review)* ) بەرچاو دەکەوێ ، کە بەپێی بۆچوونی ئەم گۆڤارە بریتی یە لە چواردە ملیار دۆلار.

دووەم هەنگاو لێرەدا دیاریکردنی نرخی زیانی داهاتی نەوتە کە بەهۆی جەنگەوە ڕاوەستاوە . گەر تێکڕای گۆڕانی داهاتی نەوتی ولاتانی ئەندام لە ( ئوپێک ) وەرگرین و لەسەر عێراق و ئێران حسابی بکەین ئەوا دەگەینە ژمارەیەکی نزیک لە زیانی ڕاستی داهاتی نەوت . بەگوێرەی ئەم ڕێگایە . لە سالانی ١٩٨٩ – ١٩٨٤ زیانی عێراق ٥٥/٥ ملیار دۆلار بووە .

جگەلەمانەش ، بۆ حسابکردنی تێچوونی جەنگ ، لایەنێکی تر هەیە کە بریتی یە لەو بەشەی بەرهەمی نەتەوەیی کە ئەگەر جەنگ

نەبوایە ، دەهێنرایە بەرهەم . سەبارەت بە عێراق دەتوانرێ ئەم زیانەی بەرهەمهێنان بەم شێوەیە حساب بکرێ : دەرکردنی بەرهەمی فیعلی لەو بەرهەمەی کە ئەگەر جەنگ نەبوایە دەتوانرا بهێنرێتە بەرهەم .بۆ دیاریکردنی ئەو بەرهەمەی ڕەنگە بهێنرایەتە بەرهەم کە ئەگەر جەنگ نەبوایە ، ئیمە ساڵی ١٩٨٠دەکەین بە بناغە . سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی عیراق لەساڵانی ١٩٨١ – ١٩٨٥دا گەر جەنگ نەبوایە دەبوایە ساڵانە بەڕێژەی٦/٥گەشەی بکردایە . بەم شێوەیە دەگەینە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی عێراق لەوساڵانەدا ،کەئەگەرجەنگنەبوایە، دەبووە ٢٨٤/٢ملیار دۆلار ئەم سەرجەمە لەگەڵ سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی ڕاستەقینەی ئەو ساڵانەدا ٨١/٧ ملیار دۆلار جیاوازی هەیە . بۆ ئەوەی کە لێرەدا دووچاری دوولایەنی نەبین دەبێ سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی بزر بوو کە ٥٥ ملیار دۆلارەو بریتییە لە نرخی ئەو نەوتەی گەر جەنگ نەبوایە دەردهێنرا و دەفرۆشرا . بەم جۆرە دەگەینە ٢٦/٢ ملیار دۆلار کە دادەنرێ بە بەرهەمی نەتەوەیی بزر بوو بەهۆی جەنگەوە . واتە

| | ملیاردۆلار |
|---|---|
| خەرجی سەربازی ساڵی ١٩٨٠–١٩٨٥ | ٩٤ |
| زیانەکانی داهاتینەوت | ٥٥/٥ |
| زیانەکانی بەرهەمینەتەوەیی | ٢٦/٢ |
| | ١٧٥/٧ |

**سێیەم :جەنگ و ڕامیاری نەوتیی سعودیە .**

ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ ئەو ڕۆڵەی حکومەتی سعودیە دەیگێڕێ بۆ کارکردنە سەر ڕەوتی جەنگ بەبەکارهێنانی هێزی نەوت و پایەی خۆی لە ( ئۆپێک) دا بۆ بەدەستهێنانی زیاترین دەستکەوت بۆخۆی

**چوارەم : ئیحتیمالەئابوریەکانی دوایجەنگ .**

چارەسەرکردنی ئەوگیروگرفتانەی جەنگ دروستی کردون ماوەیەکی درێژیان بێویستە. ئەم دوو وڵاتە هەردەبێ و ناچارن ڕووبەڕووی ئەرکی گەورەو گرانی سەرلەنوێ بنیاتنان و گەشەپێدان ببنەوە . بەپێی ناقیکردنەوەی وڵاتانی تر بێ گومان ئەمانیش بەشێکی سەرەکی داهاتی ئابووری خۆیان دووبارە تەرخان دەکەن بۆ هێزی چەکدار کە پێویستی بە نوێکردنەوە و پڕچەککردنەوە هەیە .

ئەمەلەکاتێکا گەر گریمان پارەی تەواییان هەبە بۆئەوئەرکە، گیروگرفتێکی تر دەمێنێ کە بریتییە لە ( کات) چونکە زۆر بنکەی سەرەکی تێک چووەو وێران بووە وەک پالاوگەکانی نەوت و کارگەکان و فرۆکەخانەکان کە دەستکردی کۆمپانییا بیانییەکان . واتە چەند ساڵێکیان پێویست دەبێ بۆ ئەوەی بگەنەوە ئاستی جارانی بەرهەم هێنانی خۆیان . بەڵام بۆ بەدبەختی ناتوانرێ پارەی تەواو بۆئەم کارە مسۆگەر بکرێ چونکە داهات بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێ بە کەرتی نەوتکە ئەمڕۆ بارڕینەزت لەکزییە و ئۆپێک ناتوانێ لەبەرهەمینەوت زیاد بکات مەگەر سعودیەو ئەندامانی تری ئۆپێک دەست بەرداری هەندێک لەبەشەکانی خۆیان بن بۆ عێراق بەڵام ئەوەش هەر بەش ناکات و عێراق ناچار دەبێت بکەوێتە قەرزو قوڵە ، ئینجا ئەگەر بەتوانێت یان نەیەوێت قەرز بکات و وڵاتانی ئۆپێکیش گوێ نەدەنە پێویستییەکانی عێراق ئەوا ئابووری عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ هێزی بەرهەم هێنانی کەمتر دەبێت لە جارانی پێش جەنگ . واتە دەتوانین بڵێین جەنگ ڕەوتی ئیحتیمالەکانی گەشەسەندنی دەیان ساڵی داهاتووی ئابووری عێراقی بەرە و پاشی گێڕاوەتەوە .

وەرگێڕان و ئامادەکردنی

– ئالان –

# ڕێكخراوی خوێندكارانی كورد له ئاسیا

## بناسه

بزوتنه‌وه‌ی خوێندكارانی كورد له ولاتانی ڕۆژئاوادا له ناوه‌ڕاستی ساڵه‌كانی په‌نجاوه سه‌ری هه‌ڵدا، مێژوویه‌كی پڕ له خه‌باتی ڕازاندۆته‌وه‌وه‌و شۆڕشی گه‌له‌كه‌مانی به‌گه‌لانی ڕۆژئاوا ناساندوه. به‌ڵام ئه‌م بزوتنه‌وه‌پیرۆزه له‌ولاتانی ڕۆژهه‌ڵاتدا تاكو ساڵی ڕابردوو نه‌هاتبوه كایه‌وه. ئه‌گه‌ر گه‌لانی ڕۆژ هه‌ڵات ناوی كوردیان بیستبێت ئه‌وا نه‌یان توانیوه له نزیكه‌وه یا له‌ڕێگه‌ی (ئیعلامی) و ڕێكخراوه ڕامیارییه‌كانی كوردستانه‌وه له‌ئامانجه‌كانی بزوتنه‌وه‌ی كوردایه‌تی بگه‌ن. هۆكانی ئه‌م فه‌راغه له نێوان ئێمه‌و هێزه شۆڕشگێڕه‌كان و گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵات ئه‌گه‌ڕێته‌وه بۆ چه‌ند بارو زروفێكی مه‌وزوعی وه‌ك ئه‌وه‌ی كه داموده‌زگای ڕژێمه‌كانی ڕۆژهه‌ڵات و خوارووی ئاسیا دارده‌سته‌ی ئیمپریالیزمی جیهانین و په‌یوه‌ندییه‌كی باشیشیان هه‌یه له‌گه‌ڵ ڕژێمی به‌غدا و ئه‌نقه‌ره. سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش به‌هیچ جۆرێك مافی ئازادی نه‌دراوه به‌م گه‌لانه و خۆ ئه‌گه‌ر خوێندكارانی كورد یا پارتێكی ڕامیاری بتوانێ له ولاتانی ڕۆژئاوادا تۆزقاڵێ ئازادییان هه‌بێت و بتوانن كۆنگره ببه‌ستن ئه‌وا له‌م ولاتانه‌دا تۆزقاڵێك جموجۆڵی ڕامیاری به پۆستاڵ خه‌فه ده‌كرێت. ته‌نانه‌ت خوێندكارانمان نه‌یانتوانیوه له زۆر جێگادا وه‌ك كورد خۆیان بناسێنن. ڕژێمه فاشستیه‌كانی سه‌ر به ئیمپریالیزمی ئه‌مریكا له‌هه‌مان كاتدا بوارێكی زۆریان بۆ هێزه كۆنه‌په‌رسته‌كان كردۆته‌وه و پروپاگه‌نده‌یه‌كی فراوان دژی بزوتنه‌وه‌ی ئازادیخوازی گه‌لانی جیهان ده‌كرێت. له‌كاتێكا ڕژێمی بۆگه‌نی پاكستان به‌ناوی موسڵمانیه‌تییه‌وه داوای ئازادی گه‌لی فه‌له‌ستینی ده‌كات له‌هه‌موو خۆپیشاندانێكدا خوێندكاره فه‌له‌ستینیه‌كان ده‌كه‌ونه ژێر كوته‌كی پۆلیسه‌وه و له زیندانه‌كاندا توند ئه‌كرێن. ئه‌نجا دواكه‌وتویی و نه‌خوێنده‌واری گه‌لانی ڕۆژ هه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستیش ئه‌وه‌نده زیاتر خه‌ڵكه‌كه‌ی ساویلكه كردوه‌و به‌ئاسانی بڕوا به پرۆپاگه‌نده‌ی كۆنه‌په‌رستان و ئیمپریالیزم ئه‌كه‌ن و ناتوانن پیلانه‌كانیان بخه‌نه ڕوو. هێزه پێشكه‌وتنخوازه‌كانیش(هه‌رچه‌ند له‌ناوخۆیاندا بوون به چه‌نده‌ها به‌شه‌وه)هیچ ڕێكخراو یا پارتێكی چه‌پڕه‌وی كوردییان نه‌ناسیوه، ته‌نیا ئاگاداری ڕێكه‌وتنه‌كه‌ی ئازارو جه‌زائیرو ئاش به‌تاڵه‌كه‌ن و هێڵێكی ڕاست و چه‌پیش به‌سه‌ر بزوتنه‌وه‌ی كوردایه‌تیدا ده‌هێنن و به‌بزوتنه‌وه‌یه‌كی كۆنه‌په‌رست و سه‌ر به‌ئه‌مریكای داده‌نێن، شۆڕشی نوێی كوردستانیان نه‌بیستوه.

هه‌رچه‌ند هۆی ئه‌م فه‌راغه له نێوان ئێمه‌و هێزه‌كانی ئاسیادا ئه‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ به‌هێزی پرۆپاگه‌نده ئیمپریالیزمیه‌كان و شێوه‌شیواندنی بزوتنه‌وه‌ی ئازادیخوازی كورد له‌لایه‌ن‌دوژمنان

بەڵام با ئەوەش لەیاد نەکەین کە کەمتەرخەمی خۆشمانی تێدایە .خوێندکارانیکورد لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا لەژێر ئاڵایەکدا کۆنەبونەتەوە و دەنگی شۆڕشی نوێی کوردستانیان بە گەلان نەگەیاندووە . زۆر خوێندکاریشمان هەن بە بیانووی ئەوەوە کە ژمارەیان کەمەو ژمارەی سیخوڕەکانی سەدام و ئیفرن زیاترن و ڕێگاش نادرێت کاری ڕامیاریمکەین، ئەوا دامەزراندنی ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد و کارکردنی ڕامیاری بە خۆکوشتنی بێ مانا دادەنێن . بەڕای ئێمە بەڵگەو بیانوی وەها ڕەفتاری مرۆڤی بورژوا دەردەخات ودورە لەهەڵوێستی خوێندکاری شۆڕشگێڕەوە ، هەر ئەم خوێندکارە ڕەفتار بورژوایانەش بوون بەم بیانووەوە لەلایەکەوە هامشۆی بالوێزخانەکانیان دەکردو پارەیان بەناوی ( منحةدراسة )وە وەردەگرت و لە لایەکی تریشەوە خۆیان بە ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕ دادەناو لەدەرەوەی بالوێز خانەکاندا باسی خەباتیان دەکرد .

سەرەڕای هەموو کۆسپ و تەگەرەیەک کە هاتوتەتە ڕێگامان توانیمان دەنگمان بکەین بەیەک دەنگ و وەکو بەشێکی نەپچڕاو لە زنجیرەی مێژووی خەباتی سووری گەلەکەمان دەست پێ بکەین و ڕای گەلانی ڕۆژهەڵات بەلای شۆڕشەکەماندا ڕابکێشین. لەڕۆژی ١٧ مانگی شوباتی ١٩٨٥ کۆبوینەوەو ڕێکخراوی خویندکارانی کوردمان لە ئاسیا دامەزراند، گەیشینە ئەو خاڵەی کە خەباتی گەلانی ژێر دەستەو چینە چەوساوەکار دژی ئیمپریالیزمو سیستەمە بۆرژوایەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژبەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ و ڕۆژگارێکی ڕوناکو نوێ ئەهێنێتە کایەوە ... ئاشکراشە کە هیچ دام و دەزگایەکی کۆنەپەرست ناتوانێ لەژێر باری گۆڕانە ئابووری و کۆمەلایەتییەکاندا خۆی ڕاگری . ئەمڕۆ گەلەکەشمان بەحوکمی گۆڕانە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان کەوتۆتە ناو قۆناخێکی نوێوە ، شۆڕشەکەشمان شۆڕشی نوێی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگ و سەرکردە بۆرژوازییەکاندا نەماوە - و چینە چەوساوەکانی کوردستان مەشخەلی شۆڕشیان بەرزکردۆتەوە ، ئێمەی خوێندکارانی کوردوەکو کۆمەڵێکی ڕۆشنبیر بەلێپرسینەوە-یەکی مێژوویی و کارێکی شۆڕشگێڕانەی دائەنێین کەخەباتمان لەگەڵ خەباتی کرێکاران و جوتکارانی کوردستان بکەین بەیەک ولەپێناوی مافە خوراوەکانیاندا تێ بکۆشین . خەباتی خوێندکارانی کورد لە هەرچ شوێنێک دا بێ بەشێکی نەپچڕاوە لەخەباتی گەلەکەمان و خەباتی گەلەکەشمان بەشێکی نەپچڕاوە لە خەباتی هەموو گەلانی ژێر دەستەو چینە چەوساوەکانی جیهان .

لەسەرەتاوە ئەندامانی دامەزرێنەر خۆیان بەدەستەیەکی چەپڕەوی پێشکەوتنخواز دانا و بەچاوێکی زانستیانەوە مەسەلەکانیان شی کردەوەوە خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتییان (لەم قۆناغەدا) لەیەکتر جیا نەکردەوە، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونە ڕامیاریانەوە دژیهەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک ڕادەوەستین و ڕژێمە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دوژمنی گەلی کورد دادەنێین - بڕوامان بە کۆمەڵگایەک هەیە کە هیچ فۆرمێکی چەوساندنەوەی مل شۆڕی تێدا نەبێت و مافی چارەنووسی هەموو نەتەوەو کەمایەتییەکی تیا مسۆگەر کرابێت . باوەش تێ نەگەبن کەتیازمان وایە نەخشەی وڵاتیکی یۆتۆپیا بکێشین، نەخێر ، گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی ئازاد بە هیچ جۆرێک یۆتۆپیا نییەو ئۆتۆماتیکیش لە خۆیەوە ڕونادات . هەموو گۆڕانەکانی مێژوو جگەلە هەل و مەرجە مەوروعیەکانی ئیرادەی گەل و چینە چەوساوەکانیش مەحکومی دەکات ، ئەگەر چینە چەوساوەکانی کوردستان بە بیرو باوەڕی چینایەتی گۆش نەکرێن و ئامادەی گیان بەخت

کردن نەبن و دام و دەستگای بۆرژوازیەت نەڕوخێنن هەرگیز گۆڕانە مێژووییەکە لەبە خۆیەوە نایەتە کایەوە . بەکورتییەکەی ئێمە نە ڕەشبینین و نە ڕوون بین .. بەڵکو بڕوا کردن بە ئیرادەی گەل لەسەرو هەموو شتێکەوە دا دەنێین .

هەڵوێستی جەبهەوییمان بنچینەیەکە بۆ پشتگیری کردن لە خەباتی گەلانی ژێر دەستە بەتایبەتی گەلی فەلەستین و گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیاو خوارووی ئاسیا . ئیمپریالیزمی ئەمریکی جگە لەوەی گەلانی ئەم وڵاتانەی چەوساندۆتەوە پرۆگرامی جەنگی ئەستێرەو موشەکی ئەتۆمی هێناوەتە کایەوەو بەئاشکرا هەڕەشە لە ئۆردوگای سۆسیالیزم دەکات ، چارە نووسی هەموو گەلانی خستۆتە مەترسییەوە ، هەروەها پارەو چەکێکی زۆری بڵاو کردۆتەوە بۆ دەم کوتکردنی شۆڕشەکانی جیهان. بۆ نموونە هەوڵ دەدات ڕژێمی پێشکەوتنخوازی نیکاراگوا بڕوخێنێ و شۆڕشی سلفادۆر بکوژێنێتەوەو ئاشوبەی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگیرسێنێ و چەتەکانی ئەفغانستانیش بخاتە ژێر مەشقی سەربازییەوە و بیانکات بەگژ ڕژێمی سۆسیالیستی ئەفغانستان دا ، بەبێ شەرم و ئابڕوو باسی بەرگری لەمافی ئازادی مرۆڤ دەکات .

هەروەها بڕوامان هەیە دوژمن ئاگری جەنگی نێوان عێراق و ئێرانی خۆشکردوەو هانی ڕژێمە فاشستییەکەی سەدام حوسەین دەدات بۆ بەردەوام بوون بەجەنگ و خەفەکردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ناوچەکە ، بەتایبەتی سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردستان کە مەترسییەکی گەورەیە لە ئاستی ئیمپریالیزم و دەوڵەتەکانی ناتۆو ڕژێمەکۆنە پەرستە عەرەبییەکاندا . لەلایەکی تریشەوە جەنەراڵ ئێفرینی ئەمەریکی زیاتر بنکەی ئەتۆمی لە کوردستاندا دائەمەزرێنێ بۆ ئەم مەبەستەشیان بە دەستێکی چەپەڵانە بەربۆتە ویرانکردنی کوردستان و کێڵانی زەوی جوتکارە کوردەکان بە بۆمبا و تانک و پەلاماردانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و داگیر کردنی سنور بەرەزامەندی سەدام حوسەین لەژێر پاراستنی ( ارض العروبة ) دا .

ڕێکخراوەکەمان تەنیا خاوەنی کارنامەی ڕامیاری نیە و لایەنە ڕۆشنبیرەکانیشی فەراموش نەکردوە . بەندی پانزەهەمی پەیڕەوو پرۆگرامەکەمان ترکیز ئەکاتە سەر ناسینی مێژوو ئەدەب و هونەری کوردی بەگەلانی ڕۆژ هەلات ، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیری بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبکەینەوەو کۆڕی ڕامیاری و ڕۆشنبیری بگێڕین . تا کو ئێستا توانیومانە حەوت بەیاننامە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبکەینەوە و کۆڕێکیش لەسەر جەنگی عێراق و ئێران لە ئامۆژگای خوێندنی بالا لەشاری کەراچی بگرین بەدرێژی باسی مەسەلەی کوردی تیا کرا . هەروەها ڕێکخراوەکەمان توانی کوردەکانی پاکستان بدۆزێتەوەو لەسەریان بکۆڵێتەوە ،ئەندا مێکمان بەتایبەتی ناردبۆ ناوچەکەیان و دوومانگ لە ناویاندا مایەوە . کوردەکانی پاکستان کە ژمارەیان دەگاتە سێ سەد هەزار کەس دەورێکی گرنگیان لە بزووتنەوەی ڕامیاری ئەم ناوچەیە هەیە . ئەم کوردانە هەرچەند پێنج سەد ساڵ زیاتر لەمەوبەر ئاوارە بوون ، بەلام هەرگیز ڕەسەن و نەژاد و ناوو نیشتمانی خۆیان وون نەکردوەو شانازی بە وشەی کوردەوە دەکەن .

ڕێکخراوەکەمان لە ماوەیەکی کورت دا توانی خۆی بە زۆربەی پارت و ڕێکخراوە پێشکەوتن خوازەکان بناسێنێت و لە گەڵیاندا دانیشێ و بەگەرمییەوە پێشوازی لێ بکرێت و دەنگی شۆڕشی نوێی کوردستان بگەیەنێتە پێیان. هەر وەها زۆر ڕۆشنبیر و نوسەری پێشکەوتنخواز مان ناسیوەو پیرۆزبایی لە شۆڕشەکەمان دەکەن .

# قەسابخانەیەکی گەورە لە زیندانەکانی «ئەبوغرێب» دا

یەکێ لەو ئەفسەرانەی کەلە زیندانیئەبوغرێب کار دەکەن، ڕاپۆرتێکی ناردووە بۆ لیژنەی (کاردری) لە لەندەن .. دەربارەی چۆنیەتی تیربارانکردنی نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار هاووڵاتی لەزیندانییە سیاسییەکان و ئەوکەسانەی لەجەنگەنارەواکەی دیکتاتۆری عێراق هەڵاتبوون کە لە ئەبو غرێب زیندان کرابوون،ئەمانە تێکەڵاوبوون لە کوردو عەرەب بەگشت لایەنە سیاسییە جۆربەجۆرەکانیانەوە .

ئەمقەسابخانەیە لەناوەڕاستی ئەیلولی/١٩٨٥ دا ئەنجام دراوە.. ئەم ئەفسەرە پاش ماوەیەکی کەم ئەم ڕاپۆرتەی ناردووەبۆ " کاردری " بەڵام لەسەر داخوازی خۆی تا ماوەیەکی درەنگ ڕاپۆرتەکە بڵاو نەکراوەتەوە بۆئەوەی جەللادەکانیبەغدا نەزانن کێ ئەم زانیاریانەی بردۆتە دەرەوەو ڕیسوای کردون .

°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×°×

دەقی ڕاپۆرتەکە

لەسەعات هەشت و نیوی شەوێکی سامناکدا ،لە ١٢/ئەیلولی/١٩٨٤ دا (صدام حسین)ی خوێنڕێژ بە تەلەفون پەیوەندی کرد بە بەڕێوەبەری زیندانی(الاحكام الخاصة)و وشەی نهێنی پێ ووت " دەست پێبکە ،دەست پێ بکە" واتە دەست بکە بە لەسێدارەدان . پاش نیو سەعات بەڕێوەبەر بەمیکرۆفۆنەکانی ناو ئەوزیندانانەی کەتەنیا بەشێکی بچوکە لەو گرتووخانەگەورەیەی ئەبو غرێب . ئەم بانگەوازەی بڵاو کردەوە.

" بۆئاگاداری، بۆ ئاگاداری: بۆ ئەو برایانەی فەرمانی لەسێدارەدرانیان دراوە ، ئێستا سەرۆکی بەڕێز، خۆشەویستی ملیۆنەها ، بەتەلەفون پێی ڕاگەیاندم کە خەریکە فەرمان دەربکات بۆ کەم کردنەوەی حوکمی ئێوەو بەرەڵا کردنتان.. لەبەرئەوە دەبێ زیندانەکان پاک بکەنەوەو جلەکانیشتان بشۆن و لەئوتویان بدەن و چاوەڕێی فەرمانی تایبەتی بن بۆ بەردانتان "

پاش ئەوە بەڕێوەبەر فەرمانی داتا ڕادەیەک ئازادی هاتوچۆ بدرێ بەزیندانییەکان، بە کردنەوەی دەرگاکانی ناو هۆڵەکانی زیندان و ئامادە کردنی ئاوی گەرم بو سەرو جل شۆردن . هەندێ لە زیندانییەکان تەنانەت بەتانیەکانیشیان شۆردبوو ، زیندانییە کلۆڵەکان ئەوەندە کەیف خۆش بوون ، ئەو شەوە چاویان نەچووە خەو تا بەرەبەیان خەریکی گۆرانی وتن و هەڵپەڕکێ و سەما کردن بوون ، تەنەکەی نەوتیان کردبوو بە تەپڵ.

لەبەرەبەیان دا (٥٠٠)پێنج سەد زیندانی بانگ کران ، واتێگەیەنران کە بەردەدرێن. بەدڵخۆشییەوە ماڵ ئاواییان لە هاوڕێکانیان کرد . ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئەمن و ئیستخبارات چواردەورەیان تەنیبوون وبردیانن بۆ ئەو شوێنەی کوشتار چاوەڕێیان دەکات . کەبردیانن بۆ سەربازگەی " بسمایا "ی بەتەلی درکاوی تەلبەند کراو ، هەموو سەریان سوڕما ،

## ڕاپورت



ئەم سەربازگەیە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەلمان پاک (نزیکەی یەک سەعات ڕێیە بە ئوتۆمۆبیل لە خوارووی بەغداد. لەوێ سەدان سەربازی بێ چەک کۆکرانەوە بۆ بینینی قەسابخانەکە، هەروەها سەدان پیاوی ئەمن و ئیستخبارات و (جەیشی شەعبی) و چاودێرانی تایبەتی لە دادگای کۆشکی کۆماری و هەندێ پزیشک هێنرابوون، هەر لەوێ هەر پێنج سەد زیندانییەکە لەسێدارە دران.

دە ڕۆژ لەسەریەک بەم شێوەیە کوشتاری بەکۆمەڵ بەردەوام بوو، هەر ڕۆژەی نزیکەی (٥٠٠) دەکوژرا .. کۆی هەموو لە سێدارەدراوە ـ کان گەیشتە دەوروبەری پێنج هەزار زیندانی. وەک یەکێ لە سەربازەکان گێڕایەوە کاربەدەستە حیزبییەکان قێزیان لەو قەسابخانە ـیە دەهاتەوەو لەناو خۆیاندا کەوتبوونە ورتە ورت و بێزاری دەربڕین.

دوای کوشتار لاشەکان گوێزرانەوە بۆ (مجمع الحصوة) کە پتر لە بیست لۆری بەفرگر (سەلاجە)ی لێ بوو (ئەم شوێنە تایبەتە بە گواستنەوەو دابەش کردنی لاشەی کوژراوانی جەنگ).

هەر لاشەیەک ژمارەیەکی تایبەتی بۆدانراو لەسەر پارچە تەنەکەیەک ئەو ژمارەیەو ناوی تەواو وناونیشانی کوژراوەکان بەئاشکرا نوسراو کرایە ملیان. بۆ شەوێ پەیوەندی کرا بە خێزانەکانیانەوە، هەموو هاتن، هەر خێزانەو لەگەڵ خۆیدا ئوتومبیلێک و تابوتێکی هێنابوو، هیچ تەرمێکیان نەدەدانی تا پەنجا دیناری عێراقی نەدەن لەبری ئەو فیشەکانەی بۆ تیر بارانکردنیان بەکار هێنراوە. هەڕەشەش لە خێزانەکان دەکرا کە نابێ خەڵک لەخۆیان کۆبکەنەوە بۆ ناشتنیان و نابێ پرسەیان بۆ دابنێن چونکە کوڕەکەیان ترسنۆک یان خائین یان پیلانگێڕ بووە.

زۆربەی قوربانییەکان لەوانە بوون کە لە جەنگ هەلاتبوون، هەروەها هەندێکیان لە موعارەزەی سیاسی بوون بەگشت لایەنەکانیانەوە وەک ئیسلامی، کۆمۆنیست، و هەندێ لە بەعسیە چەپڕەوەکان و سەدان کورد لە لایەنە سیاسیە جۆربەجۆرەکان کە هەندێکیان خوێندکار بوون لە زانکۆی (صلاح الدین) کە بەشداریان کردبوو لە خۆپیشانێکدا بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی بردنیان بۆناو جەیشی شەعبی بەزۆرەملێ. ئەمانە لە خۆپیشاندانەکاندا گیرابوون و حوکمی لەسێدارەدانیان درابوو، پێش کوشتنیان پێیان ڕاگەیەندرابوو ئەوی بڕواتە ناو جەیشی شەعبی و بچێ بۆ بەرەکانی جەنگ لێی دەبورن، هەموو پێکەوە ئەو کارەیان ڕەفز کرد لەبەر ئەوە لەسێدارە دران. جگەلەوانەش سەدان لەو قوربانیانە ڕۆڵەی ئەو خێزانانە بوون کە دەرکراون بۆ ئێران بەوبیانوەی کە ئێرانیین .. ئەم لاوانە چەندین ساڵیان لە گرتوخانەکاندا بەسەر بردبوو بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان بخرێتە پاڵ.. ژمارەیەکی زۆریشیان ئەفسەری پۆلیس بوون و هەندێکیان لە ئەمن کاریان دەکرد. دوا سەرژمێری ڕەسمی ژمارەی ئەم جۆرە زیندانیانە لە هەموو زیندانەکانی عێراق دا بە (١٦) شانزە هەزار زیندانی لەقەلەم دەدات.

# ڕۆشناییەك لەسەر لوڕ و لوڕستان

— هاوڕێ —

ڕاستییەکی مێژووییە کە زنجیرەی لەیەک نەپچڕاوی ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی لە سەرەتای هاتنە ژیانیەوە و بەربەرەکانی کردنی لەگەڵ ڕۆژگاردا بۆ دابین کردنی ژیان ، مێژووی پیرۆزی خۆی دروست کردووە .... بەڵام لەبەر نەزانی و نەبوونی دام و دەزگایەک کەس نیە تا ئێستا بتوانێ بە زانستییانە و بەڵگەوە مێژووی سەرەتای ژیان بزانێ ، یان بەواتایەکی تر ،ئەوکەسانەی کە پێیان نایە ژیانی مرۆڤایەتییەوە ، لەیەکەم پلەدا لەژیانی ئاژەڵگەریدا بەربەرەکانییان کردوە، پاشان بوونەتە ئەم ئادەمیزادەی ئەمڕۆ . ئەوەش پاش پێگەیشتنی بەربەرەکانیی ئابووریە باری ژیان وای لەو خەڵکانە کرد، کە کۆمەڵگا دروست بکەن و جیاجیا و کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر پارچەیەک زەوی کۆببنەوە ، بە پەرەسەندنەوەلە پردی بەربەرەکانێ و ململانێ و دەسەڵات سەپاندن لەلایەکەوە بۆ لایەکی دی ، زمانی هاوبەش و پاڵپشتی هاوبەش ، سەرەتای دروست بوونی نەتەوە هاتەکایەوە .....

لەوانەش نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی تری سەر زەوی سەری هەڵداو لە کوردستان دا جێگیر بوو ، بەڵام هۆی جیوپۆلیتیکی و ئەو بەربەرەکانییەی ئابووری جیهانی ، نەتەوەی کوردی لە قۆناخی ڕەوتی مێژووی نەتەوەکانی دراوسێی دواکەوتو ترکرد ، ئەوەش بووە هۆی تۆمارکردنی چەندەها ڕا و بۆچوونی هەڵە لەسەر ڕەگەز و نەژادو سنووری بوونی نەتەوەی کورد ،

ئەم کورتە باسە هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە :

**ئایا لوڕەکان کوردن یان نا ؟**

ڕۆژهەڵاتناسانی بێگانە کەگەشتیان بە لوڕستاندا کردووە بەئارەزووی خۆیان و هەر یەکە بۆ مەبەستێک جارێک لوڕ بەکورد ناو دەبەن و جارێکی تر بە گەلێکی جیاوازو جارێ بەفارس و جارێ بە تورک .. ، بۆیە بە پێویستی دەزانین ، کە هەر لەم بوارەدا ئاوڕێکی مێژوویی لەم باسە بدەینەوەو بە گوێرەی توانا بیسەلمێنین کە لوڕەکان کوردن، تا ئەو گومانە مێژوویە لەسەر ئەو هۆزە گەورەو خاوەن شکۆو شانازییەی گەلەکەمان نەمێنێ .

بەرای من هەوڵدانێکی زۆری بڕگیانی دڵسوزی لەوەو بەر دراوە لەم بوارەدا و جێی شانازییە بۆ مێژوونوسان و ڕوناکبیرانی گەلەکەمان ، کەبەگژ ئەو بیرەدا دەچنەوە کە هەوڵی زیاتر داپچڕانی گەلەکەمان دەدات . جا چ بەهەڵەو نەزانین بێ یان بە ئارەزوو یان لەبەر مەبەست و هۆی تایبەتی و دوژمنایەتی کردنمان بێ ....

**<u>لوڕستان و کورتەیەکی مێژوویی :</u>**

لوڕەکان دابەش دەکرێن بەسەر دوو دەستەدا (١) لوڕی بچوک کە لە خوڕەم ئاوا و دەوروپشتی دا بەخوڕەم ئاوای فەیلی ناو دەبرێ . لوڕی گەورە لەئەسفەهانەوە تا نزیک(ئاوی دیز)یا ڕوباری دیزفول هاتوون . ئەو هەرێمەی کە ئەم هۆزە کوردییە گەورەیەی تێدا دەژی لەکۆنەوە بە لوڕستان ناوی دەرکردووە . ئەمانیش وەک گشت هۆزە کوردییەکانی تری خۆرهەڵاتی کوردستان ( کوردستانی ئێران ) گەرمیان و کوێستانیان کردووە .

وەک لۆرد کرزن دەڵێ(٢) " ئەو هۆزەگەورەیە بەنەزانی و نەخوێندەواری ماونەتەوە لە چاو نەتەوەو کەمە نەتەوایەتییەکانی تری ئێران " لەلایەکی تریش دا دەڵێت " بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ساڵی ١٨٨١ یەکێک لە جیهان گەڕەکانی فەرەنگ ژمارەی هەموو لوڕەکان بە ٤٢١ چوارسەدو بیست و یەکهەزار کەس داناوە ، لەبەر ئەوەی لوڕەکان زۆر ژن دەهێنن و منداڵیان زۆر دەبێ، لەلای من(لورد کرزن ) وایە کە ژمارەیان گەلێک لەوەزیاتر بێ " . لەڕووی جوگرافیاشەوە لۆرد کرزن بەم شێوەیە باسی لێوەکردووە" لوڕستان هەرێمێک بووە کە خوڕەم ئاباد پایتەختی بووە، لە ڕۆژهەڵاتەوە هەرێمی فارس و ئەسفەهان، لە ژوروەوە کرماشان و هەمەدان لە خوارووەوە ـ خوزستان و لە ڕۆژ ئاواوە عێراقدەورەیان داوە" .

لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلامیش دا بەم شێوەیە باسکراوە (٢) " لوڕستان هەرێمێکە دەکەوێتە خواروی ڕۆژئاوای ئێران، لەسەردەمی مەغولەکان دا کرا بەدوو بەشەوە ، لوڕیگەورە و لوڕی بچوک " .

## لوڕستانی بچوک

وەک لەسەرەتاوە لێی دواین ناوچەیفەیلیەکان دەگرێتەوە . . مێژوو نوسی کورد ماموستا محمدئەمین زەکی دەڵێ ( فەیلییەکان بە لوڕی ڕەسەن دادەنرێن لەناوچەی لوڕستان دادەژین(٤)

لەچەرخی شازدەهەم دا لوڕی بچوک ناودەبرا بە لوڕستان یان لوڕستانی فەیلی . لە چەرخی نۆردەهەم دا بووە بە دووبەشەوەیەکەم پێشکێوە ( واتە ئەو ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی شاخی گورە کوە دەگرێتەوە ). دووەم پشتکوە ( ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە کەوتۆتەڕۆژئاوای شاخی گەورەکوە ). بەڵام ئەمڕو ناوچەی پێشکوە بەلوڕستان ناودەبرێ و ناوچەی پشتکوە بە ناوچەی فەیلییەکان .

## لوڕستاني گەورە

ئەم ناوچەیە لەخواروی ڕۆژهەڵاتیلوڕستاندا لەنێوانی ساڵانی ١١٠٦-١٤٢٣ دا بەم ناوە ناسراوە (٥) ئەم بەشەیان لە دوو ناوچە پێک دێت یەکەم ناوچەی بەختیاری ،دووەم ناوچەی کوە گیلو .

ناوچەی بەختیارییەکان لە چوار محلی ڕۆژئاوای ئەسفەهانەوە تا شاری ششتر(تستر) ، لەخوارویەوە تا ناوچەی کوە گیلو، لەژوروەوە ( شتران کوە) . .ناوچەی کوە گیلو بەشێکی گەورەیە دانیشتوانی لە ڕووی زمانەوە زاراوەکەیان نزیکی زمانی فارسیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەسەنیتی خۆیان پاراستووە کە بەشێکن لە هۆزی لوڕ واتە کە کوردن.

زۆر لە گەڕۆکە ئەوروپاییەکان گەشتیان بە ناوچەی ئەماندا کردووە(٦) ، زۆربەی ئەو گەڕۆکانە ئەم بەشەیان لەڕووی ناپەفەگەریەوە کردووە بەچەند لکێکی ترەوە. کەلێرە بە پێویستی نازانم باسیان بکەم .

## کوردێتی لوڕەکان لە ڕووی زمان و ئەدەبیاتەوە

لە مێژووی کوردو کوردستانی ماموستا محمد ئەمین زەکی و زۆر لەلێکولەرەوەڕۆژهەڵاتناسەکان . وەک لێکۆڵینەوەی د. فریج کە لەبەرلین چاپکراوە دان بەوەدا دەنێن کە لوڕ لەبەشە گرنگەکانی کوردستانیڕۆژهەڵاتن. وا دادەنرێ کەزمانی کوردی لەوناوچەیەدا دابەش دەبێ بەچەند زاراوەیەکی بچوک بچوکەوە لەناوچەیەکەوە تا ناوچەیەکی تر. وەک مێژوو نووسی گەورەی عوسمانی ( ئەحمەدجەودەت (٧) هەروەها (ڕیچ) ئینگلیزی لەو باوەڕەدان کە ( لوڕ و بەختیاری و لەک و گۆران ) بەشێکن لە نەتەوەی کورد. بەڕای من هیچ گومان لە سەر گۆران نەماوە، هیوادارم گومان لەسەر ئەوانەی کەش لەلای مێژوو نوسانی بیانی و داگیرکەرانی کوردستان نەمێنێ .

ئەوەی ڕوونە لەلای هەموان کە زمانی کوردی

بەشێکە لە زمانە ئێرانیە رۆژئاواییەکان کـە تا رۆژی ئێمرۆش هەر بە زیندوویی ماوەتەوەو رەسەنێتی خۆی لەتەک خۆیدا هەڵگرتووەو لە رووی واتا ناسی ( لیکسیکۆلۆژی)و فەرهەنـــگ ناسیەوە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە (٨).

ئەوەش‌کە زیاتر ئەم راستیە روون دەکاتـەوە و ئاگادری ئەو هەموو رۆژ هەڵاتناسان و مێژوو نوسانە دەکاتەوە : شەرەفنامەی بەدلیسیە ، کە زمانی کوردی پێش ٤٠٠ چوار سەد ســـــاڵ لەمەوبەر کردووە بە چوار بەشی گەورەوەکـە ئەمانەن ( کرمانج ، لور ، کەلهور، گۆران.) کە بێگومان هەر یەک لەو بەشە گەورانەش لکی بچوکتریان لێ دەبێتەوە (٩).

جا ئەو کەمە روونکردنەوەیەی سەرەوە ئەوە دەردەخات کە لورەکان لە رووی زمانـــەوە دەگەرێنەوە سەر زمانی کوردی، بەڵام هەر وەک هەموو زمانێکی دی ئەم دنیایە بەهۆی بـــاری جوگرافییەوە زاراوەی ( دیالکتیک ) تایبـەت لە تیرەیەک یان خێڵێک لە ناوچەیەکەوە بـو بۆ ناوچەیەکی کەی تر پەیدا بوون ـ ئەمــەش ئەو هوزە گەورەیەی لوری گرتۆتەوە.

بێگومان تا چەند زاراوە زیاتر بێ بچـوک یان گەورە زمانی یەکگرتووی ئەو نەتەوەیــە دەوڵەمەند تر دەکات.

ئەوەی لەلای هەموان ئاشکرایە یەکێ لـــە مەرجەکانی نەتەوە بریتی یە لە زمان.

هەروەک حەمیدی ئیزەد پەناه (١٠) لـــە فەرهەنگی لری دا بەراوردێک لە نێـــوان چەند وشەیەکی لوری و کرمانجی و فارسـی‌دا دەکات کەمن لێرەدا هەشت‌وشەی هەڵدەبژێرم بۆ خوێنەرانی ئازیز.

| لوری | کرمانجی‌خوارو | فارسی |
|---|---|---|
| ئالەت | بیبەر ـ ئالەت | فلفل |
| ئیشکەفت | ئەشکەوت ـ ئیشکەفت | غار |
| باشکیم | بەشکە ـ بەڵکو | شاید |
| بای شەنە | باوەشێن | بادبزن |
| بەچەدار | منالدار | صاحبچه |
| بەرفاو | بەفراو | آب بفر |
| پاپی‌لیمونی | پەپوسلێمانکە | شانەبسر هدهد |
| پار | پار | پارسال |

لەلایەکی ترەوەزۆر بەئاشکرادیارە (١١) کـــە پاشگرو پێشگرەکان لەدیالێکتی لوری و شێـوە زمانەکانی دیکەی کوردی دا وەکو یەکن. بـــۆ نمونە :( دار ـ بار ـ کا ـ مەند ـ ....هتد)

مامۆستا توفیق وەهبی (١٢) دەڵێ ( زمانی کورد یەک‌زمانە پێی دەڵێن " زمانی کوردی". زمانی کوردی بەچەند شێوەیەک قسەی پێ‌دەکرێ‌کە بنەرەتییەکانیان ئەمانەن: شێوەی کرمانجـــی ـ کۆمەڵە شێوەی لوری ـ شێوەی گۆرانی ـ شێوەی زازایی .

کۆمەڵە شێوەی لوری ئەم شێوانەی تیایە:

١ـ کەلهور ٢ـ لەکی ٣ـ فەیلی ٤ـ لوری
٥ـ بەختیاری ٦ـ مامەسانی (کوەگەلویی).

سنوری باکوری کۆمەڵە شێوەی لوری‌سوڵتـان ئەباد ـ دەوڵەت‌ئاباد ـ کرماشان ـ خانەقی یە . کۆمەڵە شێوەی لوری کەلەپێشا کرمانجی بووە بنچینەکەی دەشێ کورتیی مادی گـــەورە بووبێ ، لەکی کەلهوری، فەیلی بەکرمانجـــی خوارو نزیک‌ترن . لوری ئەسڵی بەختیــــاری لەگەڵ مامەسانی ـ کوەگەلویی دا زۆرتـــر کەوتونەتە ژێر تاوی فارسیەوە کەدراوسێن.

## کوردێتی لـــورەکان لەرووی شێوەوە

ویلیەم‌دوگلاس نوسەری بەناوبانگی‌ئەمریکی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چووە بـــۆ ئەو ناوەو، لە کتێبەکەی دا کە نــــــاوی (strange lend and friendly people) دەڵێت" لور و کورد دادەنرێن بە نزیـــک ترین کەسان لە ئێراندا کە رەگەزیـــــان بچێتەوە سەر ئارییەکان . لەوەسفی بەختیار- ییەکاندا دەڵێت کەنم رەنگن و زۆربەیـــان کڵەگەت و بەهێزن و لەناومنداڵەکانیانـــدا قژ زەردو چاوشین زۆرەو بەزۆری حەزیان لـــە

ڕەنگی ڕەشە . پیاوەکانیان قژیان درێـــژەو وەک پرچ لەپشتگوێیانەوە دەیهۆننەوە ، بـرۆ ـکانیان پڕ و ئەستورن ، شەرواڵی فش وگەورە لەبەردەکەن و پشتوێن دەبەستن و دەمانچـــەو خەنجەرەکانیانی پێوە قایم دەکەن" بێگومـــان زۆربەی زۆری ئەو وەسفانە لەناو گەلی کوردا هەیە و تا ئیمڕۆش ڕەسەنێتی پارێزراوە .

## کوردێتی شاعیران و ناودارانی لوڕ

زۆر لە زاناو مێژوونوس و پسپۆڕان تـــا ڕادەیەک ئەوەیان سەلماندووە کە نابێ چیدی تەم و مژ لەسەر ئەوە بمێنێ کە لوڕەکـــان کوردن یان نا . گەر ئاوڕێک لەڕای دکتـــۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول بدەینەوە (١٣) کەباسی شاعیری بەناوبانگی میللەتی کورد بابـــە تاهیری هەمەدانی دەکات و دەڵێت: " لــە ڕۆژ هەڵاتدا بابەتاهیر بەگەورەترین شاعیـــری کلاسیکی دەژمێردرێت ".

جا لەم بۆ چوونەوە کەلەلای هەموانیـــش ئاشکرایە کە بابەتاهیر شاعیرێکی پایەداری کوردەو لوڕیشە لەهەمان کاتدا ، کوردێتـــی لوڕەکان دەسەلمێنێ .لەلایەکی تریشەوە پێـــم وایەکەم‌کەس‌هەیە کە (قەدەم خیر)ی شۆڕشگێـــڕ نەناسی، کە بەگوێرەی مێژوو لە هۆزی لـــەکی سەر بەلوڕستانە ئەمەش‌دەبێتە بەڵگەیەکـــی تر . دەگەینەئەوەی کە بەدڵنیاییەوەبڵێیـــن لەک و لوڕ کوردن و زارەوەیان وەک هەمـــوو شێوە زمانە کوردییەکانی تری ناوکوردستـــان جیاوازە .

هەروەها جگە لە قەدەم خێر و بابەتاهـــر مەلا پەرێشان و کەریم خانی زەندو حوسەینـــی قولی خان و نەجمە مامەسیتی گومانی تێدانیە کە هەر هەموویان لە هۆزەکانی لەک و لوڕن و ئەمڕۆ بەشێکی گەورەی مێژووی ئەدەبـــی کوردی بریتییە لە ئەدەبی شاعیرانی کـــوردی سەربەم هۆزانە .

## دوا ئاوڕ دانەوەی مێژوویی :

بەکورتی ، لەک و لوڕ ، خۆیان بە کـــورد دەزانن و ئەمڕۆ زۆربەیان لەناو خەباتـــی کوردایەتیدا کاردەکەن ـ بۆکوتایی هێنـــان بەم باسە دەڵێین لەساڵانی ١١٠٦ لـــە ژوروی سوریاوە ( ڕۆژئاوای کوردستان ) خەڵکێکـــی کورد ڕوویان کردۆتە لوڕستان . کە ئەمانـــە ناو دەبرێن بە "فەزلەوی" وەک لەشەرەفنامـــە دا باسیان کراوە (١٤) و دەڵێ: لەو (١٨) هۆز و خێڵانەی کە کۆچیان کردووە بـــــۆ لوڕستان ، ئەوانەی لە ژووروی سوریاوە چـــوون کوردن و دادەنرێن بە گەورەترین و چەسپاوترین دانیشتوانی لوڕی گەورە . لە لوڕستانـــــی بچوکیش‌دا لە دۆڵی کرخا هۆزی جۆزکانـــی کەکوردن لەگەڵ چەند هوزێکی تر نیشتەجێبوون".

### سەرچاوەکان


١- دەنگی گێتی تازە ژمارە ٣٤،٣٣،٣٢،٣١

٢- هەمان سەرچاوە

٣- علی سەیدۆگۆرانی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی٢-ل١٠٨ .

٤- محمدامین زەکی مێژوویکوردوکوردستان لاپەڕە ٤٣٣

٥- هەمان سەرچاوەی یەکەم .

٦- هەمان سەرچاوەی سێهەم لاپەڕە ١١٤

٧- = = =

٨- فەرهەنگی لڕی لێدوان وبەراوردکردنی مەحمود زامدار ١٩٧٨

٩- هەمان سەرچاوە

١٠- فەرهەنگی لڕی حەمید ئیزدپەناه تاران ١٣٤٣ئیرانی

١١- هەمان سەرچاوەی ژمارە هەشت .

١٢- چریکەی کوردستان ژمارە ٨ و ٩ئەیلول١٩٨٥

١٣- د.عزالدین‌مصطفی‌ڕەسول الواقعية في الادب الكردي ل ٥٩ .

١٤ ـ هەمان سەرچاوە .

# کۆمۆنەی پاریس

بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان ئەمساڵ یادی سەدو پانزە هەمین ساڵڕۆژی کۆمۆنەی پاریسیان کردەوە، ئەوکۆمۆنەیەی، هەرچەند تەنیا بۆماوەی (٧٢) حەفتاو دوو ڕۆژتوانی حوکم بگرێتە دەست، بوو بە خاوەنی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی دا .

## بەر لە کۆمونە

جەنگی بروسیا ـ فەرەنسا لە ساڵی ١٨٧٠ کاریگەرێتی درێژ خایەنی هەبووبۆ سەر باری ناوخۆی فەرەنسا و ئەوروپا، تێکشکانی سوپای فەرەنسی لە سیدان (٢/ئەیلولی/١٨٧٠) و بە دیل گرتنی ناپلیۆنی سێهەم دەورێکی مەزنی هەبوو لە بێزار بوونی کرێکارانی پاریس و گەلی ڕەنجدەری فەرەنسا. ئەمە پاڵی پێوەنان بۆ ئەنجام دانی شۆڕشی ٤/ئەیلولی /١٨٧٠ و دامەزراندنی " حکومەتی بەرگری نیشتمانی " لەبەرامبەر نیاز و تەماحی دوژمنکاریانە و دەستدرێژکەرانەی بروسیا . گەلی فەرەنسا سوور بوون لەسەر بەرگری کردن لە خاک و نیشتمان و بۆ ئەم مەبەستەش چەکیان کردە شان و بوونە مایەی ترس و لەرزێکی بێ پایان بۆ چینی بۆرژوا .

ڕژێمی بۆرژوایی فەرەنسا ، بۆ پاراستنی کورسیە لەق بووەکەی ، کەوتە هاریکاریکردنو دەست تێکەڵاو کردن لەگەڵ بسمارک دژی گەل و چینی کرێکارانی فەرەنسا .ئەم ڕژێمە ڕێگای خۆشکرد بۆ هێزەکانی بروسیا کە لە ڕۆژی ١٧/ ئەیلولی / ١٨٧٠ دا پاریس گەمارۆ بدەن.

بەڵام ئەو هەموو تاوان و ناپاکییە نەیتوانی مل بەو گەلە کەچ بکات، بەڵکو بووە هاندەرو پاڵپێوەنەرێ بۆ خۆ ئامادە کردن و دەستدانە خەباتی پارتیزانی و گەماندنی زیانی یەکجار گەورە بە هێزە بروسیە داگیر کەرەکان ، بەجۆرێک گەر ناپاکی و تاوانکاری بۆرژوای فەرەنسی نەبوایە ئەم هێزە داگیر کەرە نەیدەتوانی خوی ڕاگرێ لەبەر شۆڕشی ڕەنجدەران دا . لەو کاتەدا کە هێزەکانی شۆرش نزیکی سەرکەوتن بوون بەسەر داگیرکەران و بۆرژوا و مشەخۆران دا ـ حکومەتی بەرگری نیشتمانی ـ کە لە بنەڕەت دا هاوبەرژەوەندی بوو لەگەڵبۆرژوا و خۆیهەر لەو چینە وە هەڵقولا بوو، بێ سێو دوو ڕووی خۆی وەرچەرخان و بوو بە "حکومەتی خیانەتی نیشتمانی " .

بۆرژوای فەرەنسی هەموو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ جۆک دادان بەگەل .. پەنای بردە بەر چەکی برسی کردن .. لەمانگی ئاب (٤٩٤٢) کەس و لە کانونی یەکەم (١١٨٦٢) کەس و لە کانونی دووەمی ١٨٧١ دا پتر لە ١٩٢٣٣ کەس لەبرسا مردن .. بەڵام برسێتی و هەرەسهێنانی باری ئابووری نەیتوانی ورە بەگەلی فەرەنسا بەربدات و دەست بەردار بێ لە شۆڕشەکەی .

دوای ئەمەش حکومەتی بۆرژوای فەرەنسا کەوتە بەکار هێنانی سیاسەتی دیماگۆجی لەگەڵ دانیشتوانی پاریس .

پاش ئەوەلەلایەن ( بسمارک )ەوە لە ڕۆژی ١٨/ کانونی دووەمی ١٨٧١ لە ڤرسای یەکێتی پارچەکانی ئەڵمەنیا ڕاگەیەندرا ، لە ٢٨/ ی هەمان مانگ دا ڕێکەوتننامەی جەنگ ڕاگرتن لەنێوان فەرەنسا و ئەڵمانیادا مۆر کرا بەو مەرج و خاڵانەی ئەڵمانیا دەیویستە دوا بەدوای ئەوەش لە ٨/شوباتی ١٨٧١حکومەتی بۆرژوای فەرەنسا توانی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی (الجمعیة الوطنیة ) ساز بکات کە لە ئەنجام دا کۆنەپەرستترین کەسانی فەرەنسا هاتنە ناو ئەم کۆمەڵەیەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە : لەکۆی ٧٥٠ ئەندام ٤٥٠

لەوان لە لایەنگرانی ڕژێمی مەلیکی بوون .
ئەمە بەشێوەیەکی کورت باری شلۆقی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی سەردەمی پێش کۆمونە .

## کۆمۆنە

ڕەنجدەرەکانی پاریس کەدژی بۆرژاچەکیان کردبوە شان ، لە بەرامبەر دروستکردنی " کۆمەڵەی نیشتمانی ) سەربە کۆنەپەرستان توانیان لە ١٥/ شوبات/١٨٧١ دا (کۆمیتەی پاسدارانی نیشتمانی ) دابمەزرێنن کە ئەوەش بووە هۆی مەترسیەکی گەورە بۆ سەر بۆرژوای فەرەنسا کە لە ترسی شۆڕشی جەماوەر ناچار بوو پەیمانی ئاشتی ببەستێ لەگەڵ ئەڵەمانیا و پێنج ملیار فرەنک وەکسەرانە ( غەرامە ) بدات بە ئەڵەمانیا و ئەرکی بەخێو کردنی لەشکری بروسیا ، کەلەناو خاکی فەرەنسا دا بوون بخاتە ئەستۆی خۆی. کە لە ٢/ئازاردا کۆمەڵەی نیشتمانی ڕەزامەندی خۆی پیشان دا لەسەر ئەو پەیمان بەستنە ( پاسدارانی نیشتمانی ) بە ئاشکرا ڕەخنەیان لە حکومەت گرت و ڕایانگەیاند کە بەردەوام دەبن لە خەباتکردندا لەبێناوی پاراستنی کۆمارەکەیاندا .

لەبەرامبەر ئەم بارەدا لە ٩/ئازاردا کۆنە - پەرستانی فەرەنسا بڕیاریان دا کەبارەگای کۆمەڵەی نیشتمانی لەفرسای بێ، واتە لەو شارەی پەیمانبەستنەکەیان تێدا مۆر کردبوو لەگەڵ دوژمن .. یەک ڕۆژ دوای ئەوە ئەم کۆمەڵەبەبڕیارەیەنا وبانگەکانی دەرکردوەک:

١- داخستنی ڕۆژنامە دیموکراسییەکان.
٢- زیاد نەکردنی مووچەی پاسدارانی نیشتمانی.
٣- بانگ کردنی سوپا بۆ لێدانی کارکەران و خاوەن پیشەکان و ڕۆشنبیران.

لە هەمان ڕۆژدا ئیرگەی کۆمیتەی ناوەندی پاسدارنی نیشتمانی بەیاننامەیەکی خوێندەوە دەربارەی تاوانبار کردن و ڕیسواکردنی چینی بۆرژوا ، بەیاننامەکە بریتی بوو لە بانگەواز بۆ سەربازان کەدەست نەخەنە خوێنی برا و باوکی خۆیان ، تیایدا هاتبوو:" گەلی پاریس چی دەوێت ؟ دەیەوێت چەکی خۆی بپارێزێ ، سەرکردەکانی خۆی هەڵبژێرێ، گەر باوەڕی پێیان نەما دایانگرێ ...." .

حکومەتی ئەڵەمانیا بۆ هاریکاری کردنی هاوپەیمانەکانی ژمارەیەکی زۆری لە بەدیل گیراوە فەرەنسیەکان بەرەڵلا کرد بۆ ئەوەی سوپای دژ بە شۆڕش زۆر بێت .

-١-

حکومەتی فەرەنسا بە سەرکردایەتی (تییر) پاش مۆرکردنی بەیاننامەی ئاشتی لەگەڵ بۆرژوای بروسیا بی ، کەوتە خۆ کۆکردنەوەبۆ هێرش بردنە سەر پاریس ، بۆ چەک کردنی پاسدارانی نیشتمانی ..

وەڵامی هەزارو ڕەش و ڕووت و چەوساوەکانی پاریس ، واتە ، چینی کرێکاران، دژی ئەو بڕیارە دەستگرتن بوو بەسەر پاریس و دامەزراندنی کۆمۆنە . لە شۆڕشی ١٨/ ئازار/ ١٨٧١ دا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا چینی کریکارانی فەرەنسا توانیان حوکم بگرنە دەست . لە ١٩/ ئازاردا بەیاننامەی کۆمۆنە بلاوکرایەوە :-

## بەیاننامەی کۆمۆنە

کۆماری فەرەنسا

ئازادی ، یەکسانی ، برایەتی

بۆ گەل

ئەی هاونیشتمانیان

گەلی پاریس شۆڕشی کرد بەسەر ئەو کۆیلەیەتیەدا کەدەیانەوێ بەسەریدا بسەپێنن ، گەلی پاریس بە هێمنی و بە بەهێزی و بە خۆڕاگری و بێ ترس چاودێری هەڵسوکەوتی شەڕفرۆشانەی ئەو گەوجە چەپەڵانەی دەکرد کە دەیانەویست کۆمار لەناو بەن، ئەم جارەیان براکانمان لە سوپا ، نەیانویست لەئازادیە پیرۆزەکانمان بدەن .

سوپاس بۆ هەموان، با پاریس و فەرەنسا پێکەوە بناغە دابنێن بۆ ئەو کۆمارەی خواستی ئێمەیە، لەگەڵ ئەو هەموو سەرئەنجامانەشدا کەلەم کارەوە پەیدا دەبێ، ئەو تەنیا حکومەتەی کە دەتوانێ تا هەتایە کۆتایی بهێنێ بە سەردەمی پەلاماردان و جەنگی ناوخۆ.

باری نائاسایی هەڵگیرا.

لەهەموو کەرتەکاندا گەلی پاریس بانگ کراوە بۆ هەڵبژاردنی گشتی.

بەیارمەتی پاسدارانی نیشتمانی ئاسایشی گشت هاونیشتمانیان زامن کراوە.

شارەوانی پاریس

کۆمیتەی ناوەندی

پاسدارانی نیشتمانی

لە ١٩/ئازار/ ١٨٧١ دا

* *

پاش دەسەلات گرتنە دەست، کۆمیتەی ناوەندی پاسدارانی نیشتمانی، مەزنترین هەڵەی کرد کە چووە ناو قۆناخی بەرگری لەخۆ کردن لە بەرامبەر هێرشی سوپای لاوازی شۆڕشی چەواشەدا، کە دەبوایە لەبری بەرگری لەخۆ کردن ئەو سوپایەی تێک بشکانایە .. دیار بوو کە کۆمیتەی ناوەندی حەزی بە شەڕی ناوخۆ نەدەکرد .. بەڵام (تییر) شەڕی ناوخۆی هەڵگیرساند و پاڵی نا بە سوپاوە بۆ هێرش کردنە سەر پاریس و چەک کردنی پاسدارانی نیشتمانی.

لە ڕوویەکی تریشەوە دەبوایە کۆمیتەی ناوەندی بەردەوام بوایە لە حوکم کردندا تاماوەیەک بۆ پاراستنی شۆڕش، بەڵام بە پێچەوانەوە، شۆڕش ڕایگەیاند کە لە ٢٥ و ٢٦ی ئازاردا هەڵبژاردنی کۆمۆنەی پاریس دەکرێ. کۆمیتەی ناوەندی دەیویست سیفەتێکی یاسایی و شەرعی هەبێ بۆیە ڕێگای دا بە لایەنەکانی شۆڕشی چەواشەش کە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکەدا ....

ئەوە هەمووی لەلایەک و مەسەلەی تیوریی لەلایەک کە زۆربەی ئەندامانی کۆمۆنە (بلانکی[1]) بوون و کەمایەتیش لەلایەنگرانی ڕێبازی (برۆدۆن[2]) بوون.

* *

کۆمۆنەی پاریس، کە ئەندامەکانی پێک هاتبوون لە ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی کە بەدەنگدانی گشتی هەڵدەبژێرران لەسەرانسەری پاریسدا، زۆربەیان یان هەر کرێکار بوون یان نوێنەرانی چینی کرێکاران بوون. ئەم کۆمۆنەیە لەماوەی کەمی تەمەنیا توانی چەند کارێکی گرنگ ئەنجام بدات وەک

١) هەڵوەشاندنەوەی سوپا و چەکدار کردنی گەل.

٢) هەڵوەشاندنەوەی پۆلیس و گۆڕینی بۆ دەزگایەکی سەر بە کۆمۆنە.

٣) هەڵبژاردنی هەموو فەرمانبەران و توانینی لابردنیان و هەڵوەشاندنەوەی گشت ئیمتیازەکانیان و دیاریکردنی موچەیان وەک کرێی کرێکاران.

٤) نەهێشتنی دەسەلاتی مەعنەوی و ئابووری قەشە و دەرەبەگ و سەرمایەداران.

٥) هەڵبژاردنی دادپەروەران و توانینی لابردنیان.

٦) لەناوبردنی پەرلەمان چونکە یەکێکە لەدامەزراوەکانی حوکمی بۆرژوایی. لەبری پەرلەمان (کۆمۆنە) بوو بە ڕێکخراوێکی خاوەن دەسەلاتی تەشریعی و تەنفیذی.

هەروەها کۆمۆنە هەندێ کاروباری ئابووری ئەنجام دا وەک :-

١) دەست گرتن بەسەر ئەو کارگانەدا کە خاوەنەکانیان بەجێیان هێشتوون، بۆ بەرژەوەندی کرێکاران.

٢) بڕیار دان دەربارەی دیاریکردنی ماوەی کارکردن (ڕۆژی ١٠ کاتژمێر) کە بەر لە کۆمۆنە ماوەی کارکردن بەپێی یاسا دیاری

دەنرابوو .

## کۆتایی کۆمۆنە

لە ٩/نیسان/١٨٧١ تۆپبارانکردنی پاریس بە شێوەیەکی بەردەوام دەستی پێکرد، لە ٢١/ئایاریشدا هێرشی گشتی دەستی پێکرد کۆمۆنە بانگەوازێکی بڵاوکردەوە بۆ گەل کە بەرگری لە شۆڕشەکەیان بکەن . گەورەو بچوک ژن و پیاو کەوتنە بەرگری کردن .

لە ٢٥/ئایار/١٨٧١ کۆمۆنە خۆی هەڵوەشان بۆ ئەوەی هەموو ئەندامەکانی بتوانن چەک هەڵگرن و بەرگری لە پاریس بکەن. ئەمەش هەڵەیەکی تری کۆمۆنە بوو، چونکە ئیتر لە ناسکترین کاتدا ڕێکخستن نەماو شیرازە پچرا .

گەر بمانەوێ هۆیەکانی لەناوچوونی کۆمۆنە دەستنیشان بکەین ، دەتوانین لەم چەند خاڵەدا کۆیان بکەینەوە :

١) باری خۆیی و بابەتی نەڕەخسا بوو بۆ سەرکەوتن و بەردەوام بوونی شۆڕشی کرێکاران.

٢) نەبوونی پارتییەک یان ڕێکخراوێکی خاوەن تیوری زانستی .

٣) هەڵوێستی بەرگری لەخۆکردن و بەتوندی ڕووبەڕوونەبوونەوەی شۆڕشی چەواشە .

٤) بەکارنەهێنانی بانکی فەرەنسا بۆ کەڵک لێ وەرگرتن لەلایەن شۆڕشەوە .

٥) پەیمان نەبەستن لەگەڵ جوتیاران ، بە هێشتنەوەی شۆڕشەکە لە چوارچێوەیەکی بچوکدا (تێپەڕنەکردن لە چوارچێوەی پاریس و تایبەتکردنی شۆڕشەکە بە دانیشتوانی پاریس بەتایبەتی کرێکاران بەتەنیا ) .

٦) خۆهەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمۆنەو بەردەوام نەبوون لەسەر بەهێز کردن و بتەو کردنی شۆڕش دوای گرتنە دەستی دەسەڵات بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر دەستەجێ پەنایان بردە بەر هەڵبژاردن .

شایانی باسە کە کۆمۆنەی پاریس بوو کە یەکەم جار ئاڵای خەباتی بەرزکردەوە دژی سەرمایەدار و بۆ یەکەم جار کرێکاران شۆڕشیان بەرپاکردو دەستکەوتە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی وئابوورییە ـ کانی کۆمۆنەی پاریس نرخێکی شۆڕشگێریو مێژوویی گرنگیان هەیە لە مێژووی خەباتی ڕەوای ڕەنجدەران و چەوساوەکانی جیهان دژی زوڵم و زۆری بۆرژواو سەرمایەداران .

---

## پەراوێزەکان

١ـ تییر (١٧٩٧ـ١٨٧٧) پارێزەرو مێژوونوس و سیاسییەکی فەرەنسایە، لایەنگری ڕژێمی مەلیکی و بەرگری کەر بوو لە بەرژەوەندی بۆرژوا و دوژمنی سەرەکی سۆسیالیستی بوو. کراوە بەوەزیر و سەرەک وەزیران ، پاش ساڵی ١٨٣٢ بەشێوەیەکی دڕندانەپەلاماری ڕاپەڕینەکانی پاریس و لیۆن یداکەئەوکاتە وەزیری ناوخۆ بوو. لەفرسای بوو بەسەرۆکی حکومەت و وەک جەللادی کۆمۆنەی پاریس ناوی چۆتە مێژووەوە.

٢ـ بلانکی لوی ئۆگۆست : یەکێکە لەکۆمونیستە تۆباوییەکانی فەرەنسا ، بەلای لایەنگرانی ئەمەوەکەئەندام بوون لە کۆمۆنەدا توانای ئەوەهەیە کە چەندکەسێکی خاوەن باوەڕی بتەو وڕێکخستنی پۆڵایین ، گەرچی کەمیش بن لەهەل و مەرجی گونجاودا دەسەڵات بگرنە دەست و سەربکەون و بتوانن جەماوەر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن بۆ بەردەوام بوونی شۆڕش .

٣) برۆدۆن، پیارجۆزیف : ١٨٠٩ ـ ١٨٦٥ سیاسەتمەند وفەیلەسوف و زانای ئابووری و سۆسیۆلوجییەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (الفوضویة) خاوەنی کتێبی (فەلسەفەی کڵۆڵی ـ فلسفة البؤس)ە خاوەن بیری ئایدیالییە .. بەلای ئەمەوە مێژووی کۆمەڵگا بریتی یە لە ململانێی فیکر نەک ململانێی چینایەتی .. لەهەمان کاتدا کە دژی سەرمایەداری مەزن بوو. داوای مافی خاوەندارێتی گچکەی دەکرد..

# کورد و مەسەلەی کورد لە زانستی مێژوو لە تورکیا

میری کوچار

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە

ـ دابان ـ

ئەم وتارە لە بنەڕەتا لە ڕۆژنامەی ( ئەدەب ) ی ئەرمەنی دا ژمارە ٢٦(٢٢٢٨)ی ١٩٨٥/٦/٢٨ بڵاوکراوەتەوە ، ئەم ڕۆژنامەیە زمانی حاڵی یەکێتی نوسەرانی ئەرمەنیە لەیەریڤان ـ ئەرمینیای سۆڤێتی . هەروەها گۆڤاری ( الثقافة الجديدة ) ژمارە (١٧٢) ی نیسانی ئەمساڵ بەعەرەبی بڵاوی کردۆتەوە .

لەم دواییەدا ، بۆ جاری سێ هەمهەندێ . بڵاوکراوە گەیشتۆتە زانکۆی یەریڤان ، کە لە لایەن (مەڵبەندی ڕۆشنبیری بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئەنقەرە ) بەزمانی ئینگلیزی و ڕوسی چاپکراون ، لەگەڵ نامەیەک بۆ ڕوونکردنەوە دەربارەی ئەو بڵاوکراوانەو ئەو کێشانەی ئەو مەڵبەندەی لەسەرەوە ناوی برا بایەخی پێ دەدات . لێرەدا ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی بۆ ڕوونکردنەوە نوسیویانە دەخەینە پێش چاوی خوێنەران .

(( هەندێ نمونەی ئەو چاپەمەنیانەتان بۆ ڕەوانەدەکەین کە ئێمە دەریان دەکەین و هیواداریـن بە خێرایی وەڵام و ڕای ئێوەمان پێ بگات ، لەحاڵەتی وەڵام نەدانەوەشدا ، دەبێ وا تێ بگەین کە چاپەمەنییەکانی ئێمە بەلای ئێوەوە بێ بایەخن ، ئەوەش ناچارمان دەکات لەداهاتوودا شتێکی نوێ نەنێرین بۆ ئێوە . لەگەڵ ڕێزو سڵاوی مەڵبەندی ڕۆشنبیری بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە تورکیا )).

ئێمەش لە لای خۆمانەوە لیستەیەک دەخەینە بەرچاوی خوێنەرە ئازیزەکانمان سەبارەت بە ناوی ئەو کتێبانەی لەم مەڵبەندی لێکۆڵینەوە تورکیاییە ناوبراوەوە پێمان گەیشتوون ، وا مان پێ چاکە کە ڕای خۆمان دەربارەیان لە ڕێی ڕۆژنامەگەرییەوەپیشان بدەین و هەروەها پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە چەند بۆ چوونێکمان هەیە سەبارەت بە و چاپەمەنیانە کەمەڵبەندی لێکۆڵینەوەی تورکیا دەری دەکا و ئەو چاپەمەنیانەی تریان کە دەربارەی پەیوەندی ئەرمەنی ـ تورکی یەو لیستەیەکی ئەو کتێبانەمان لەلایە کە باسی ڕەگەز و مێژووی کورد دەکات یا دەربارەی زمانی کوردی و شیکردنەوەی نوسراون لەگەڵ چەند کتێبی تر کە باسی ژیانی ڕۆشنبیری و لایەنەکانی ڕامیاری و سۆسیۆلۆجی کورد دەکات .

ئەمەش ناونیشانی ئەو کتێبانەو ناوی دانەرەکانیان :ـ

١ـ کورد لە تورکستان : دانانی ئایدن دانیر دەربارەی نەژادی کوردو ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری کورد . چاپی دووەم ئەنقەرە ١٩٨٣.

٢ـ لەزمانی تورکی کۆنەوە تا کوردی هاوچەرخ . دانانی کازم میرشان . ئەنقەرە ١٩٨٣.

٣ـ لێکۆڵینەوە دەربارەی زمانی کرمانجی تورکیا و زمانی زازایی تورکیا . دانانی دکتۆر توبخرکیلولیسو ئەنقەرە ١٩٨٣.

**٤ـ کوردە تورکەکان و تورکمان لە مێژوودا .**
**دانانی: عیسمەت بارماکیز ئۆغلو**
**ئەنقەرە ١٩٨٣ .**

**٥ـ مێژووی وان و لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردە تورکەکان . دانانی : سلێمان سەبری**
**ئەنقەرە ١٩٨٢.**

**٦ـ مەسەلەی کورد / دانانی شوکری محمد سیپان . چاپی چوارەم ئەنقەرە ١٩٨١.**

**٧ـ نیڤرۆز ( نەوروز ) دانانی حایریباشیوغ.**
**ئەستانبوڵ ١٩٨٥ .**

پێش خوێندنەوەو شارەزا بوون لەوکتێبانە ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە ڕەنگە ئەو دانەرانەی لە مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕۆشنبیری تورک دا کار دەکەن ئاگاداری و شارەزاییان هەبێ لەو ئاستە زانستیەی زانایان و لێکۆڵەرەوە سۆڤیتیەکان پێی گەیشتوون دەربارەی کوردو سەرتاپای ئەو کێشانەی بەلای گەلی کوردەوە بایەخدارە لەگەڵ ئەو ئاستە پێشکەوتووەی کە زاناکانی ئێمە پێی گەیشتوون لەم بوارەدا، لەو باوەڕەدا بووین کە برا تورکەکان تەنیا داوای بیروڕامان لێ دەکەن سەبارەت بە بڵاوکراوەکانیان و هیچی تر ـ بەڵام لە کاتی خوێندنەوەو بەووردی شیکردنەوەی ئەو بابەتانەی دانەرە تورکەکان نوسیویانە دەربارەی کورد جارێکی تریش سەلماندویانە کە لێکۆڵینەوەکانیان لە (العلوم الانسانیة) و مێژووی گەلاندا هێشتا بەردەوامە لەسەر ئەو بیرە شۆڤینییە تەسکانەی هەوڵ دەدات بۆ بزر کردنی شێوازی تایبەتی کەمایەتییەکان و تواندنەوەیان لەناو چوارچێوەی شێوازی گشتی دا بە پشتبەستن بە پێوانە نازانستیی و ناواقعییەکان.

ئەو دانەرە ناوبراوانە هەول دەدەن بۆ سەلماندنی بوونی تەنیا یەک شێوازی گشتی،کە ئەویش دامەزراوە لەسەر سیاسەتێک خزمەتی بەرژەوەندیدەستەی خاوەن دەسەڵاتی تورکیا دەکات و هەموو توانای خۆیان بەکار دەهێنن کە زانست تەرخان بکەن بۆ خزمەتی ئامانجی داپۆشینی ناکۆکییە نەژادی و نەتەوەییەکان لە تورکیا و بۆ داپۆشینی زۆر لەو گیر و گرفتە هەرێمیانەی هێشتا چارەسەرنەکراون و بازرگانێتی کردن بە زانست و زانیارییەوە .

هەروەک لەو کتێبە تورکیانەی ئەمدواییەوە ئاشکرا دەبێ کە دەربارەی زیان و بنەڕەتی کورد و دەربارەی شێوازی تایبەتی زمانیکوردی نوسراوە دەردەکەوێ کە ئامانجی سیاسی ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە لەڕێ لادانی دانەرە تورکەکان تا لەکاتی لێکۆڵینەوەیان دا لەم جۆرەکێشانە پشت نەبەستن بە پێوانە زانستییەکان. ئەمەش جارێکی تر دەیسەلمێنێ کە بیری عوسمانی تایبەت بە بزوتنەوە ئازادیخوازییەکانی کەمایەتیەکان و پێشێل کردنی خوونەریتە مێژوویی و زمانەوانییەکانیان ، هێشتا زاڵە بەسەر بیری ئەم دانەرو لێکۆڵەرەوانەدا .

هەرچەند کە تەقەلایان داوە بەرگێکی زانستی بکەن بەبەر لێکۆڵینەوەکانیان دا ، بەلام ئەم دانەرە تورکانە نەیانتوانیوە قەناعەت بەخوێنەران بکەن کە ئایا لەبەرچ هۆیەک ئەم لێکۆڵینەوانەیان دەربارەی کورد ئەنجام داوەو ئایا ئامانجی ڕاستەقینەیان چیە لەم کارەدا . بۆ نموونە : لە پێشەکی کتێبەکەی کازم میرشان دا ( **لەزمانی تورکی کۆنەوە تا کوردی هاوچەرخ** )کە ( ئەعوزبالان) بۆی نوسیوە ئەم بڕگەیە وەردەگرین :" ئەو لایەنانەیکە دەیانەوێ یەکێتی نیشتمانیمان لاواز بکەن و دەستدرێژی بکەنە سەر یەکێتی و پتەوی زمانی تورکی و هەوڵ دەدەن زمانی میللیهەرەمەکی ناوچەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات لەزمانی تورکی ئەسڵی جیابکەنەوە بەوبیانوەی کە زمانی تورکی میللی هەرەمەکی تژی وشەیعەرەبی وفارسی یەو تەقەلا دەدەن داینێن بەزمانێکی سەربەخۆ " .

ئاوا بەم چەشنە نوسەری پێشەکی ئەمکتێبە

هەوڵ دەدات کە بڵێ (( کۆچکردنی تورک بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵ بەر لە زایین بووە .تورک دامەزرێنەری شارستانێتی ئەنادۆڵە . دوابە دوای ئەوسەردەمە گەلانی بێزەنتی و فارس و عەرەبەهاتوون بۆ ئەو ناوچەیە، بۆنەتە هۆی دواکەوتنی شارستانێتی لە ئەنادۆل .

